# وەقایعی کوردستان

رۆژنامەی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەکات

ژمارە(٣٢٦) سالّی بیست وچوار ٢٤ تشرینی یەکەم ٢٠٢٤زایینی ٣ گەلارێزان ٢٧٢٤ کوردی ٢١ ربیع دووەم ١٤٤٦ کۆچی

326



**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** لا ١

ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری ناوەندی پێگەیاندن و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٨

فراوانکردنی حەرەمی گوندی (اشکفتیان نوی)

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی ناوخۆ** ٣٩

فراوانکردنی حەرەمی گوندی (سەروکانی)

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ وەزارەتی تەندروستی** ٣٩

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە** ٤٠



Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

ناونیشان: هەولێر - چوارڕیانی فرەنسوا میتران - باڵەخانەی وەزارەتی داد
تەلەفۆن: ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٨ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥٠٧ - ٠٦٦ ٢٢٤ ٥٥١٤

# وقائع كوردستان

الجريدة الرسمية لأقليم كـوردسـتان - تصدر مـن قبـل وزارة العـدل

العدد(٣٢٦) السنة رابعة وعشرون ٢٤ تشرينى الأول ٢٠٢٤ م. ٣ گەلاریزان ٢٧٢٤ ك. ٢١ ربيع الثاني ١٤٤٦ هـ.

326

The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region , Published by Ministry of Justice



العدد(٣٢٦) السنة رابعة وعشرون ٢٤ تشرينى الأول ٢٠٢٤ م. ٣ گەلاریزان ٢٧٢٤ ك. ٢١ ربيع الثاني ١٤٤٦ هـ.


| فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط | ص |
|---|---|
| تعليمات رقم (١٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ١ |
| بيان رقم (١٤) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣٨ |
| بيان رقم (١٥) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الداخلية | ٣٩ |
| بيان رقم (٢٢) لسنة ٢٠٢٤ وزارة الصحة | ٣٩ |
| بيان رقم (٢) لسنة ٢٠٢٤ هيئة حماية وتحسين البيئة | ٤٠ |


No. 316 Date: October 24, 2024 - Vol.: 24

چاپخانەی شەهاب - هەولێر
٠٧٥٠ ٤٤٨ ٣٨٦٣

Address: Franswa Metran Cross
www.gov.krd/moj , www.yasaii.info

نرخ ١٥٠٠ دينار

العنوان - أربيل - تقاطع فرانسوا ميتران - بناية وزارة العدل
تلفون: ٥٥٠٨ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥٠٧ ٢٢٤ ٠٦٦ - ٥٥١٤ ٢٢٤ ٠٦٦

**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٨٩٤٦ لە ٢٠٢٤/١٠/٢**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ و بەشی (٣٦برگەی/١) لە یاسای هاتووچۆی فیدراڵ ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ی بەرکار لە هەرێمی کوردستان، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییەی خوارەوە:

**ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری ناوەندی پێگەیاندن و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری**

**مادده (١): پێناسەکان**

**مەبەست لەم دەستەواژانەی خوارەوە بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەم ڕێنماییە، ئەم مانایانە دەگرێتەخۆ کە بەرامبەریان دیاریکراوە:-**

١- **هەرێم**: - هەرێمی کوردستان - عێراق.

٢- **وەزارەت**: - وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣- **وەزیر**: - وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٤- **بەڕێوەبەرایەتی گشتی** : - بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێمی کوردستان.

٥- **بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ**: - بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکانی هەرێمی کوردستان و هاوشێوەکانی.

٦- **بەڕێوەبەرایەتی**:بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان/بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان.

٧- **هۆبە**: - هۆبەی چاودێری ستافی نوسینگە و فێرخواز و ئۆتۆمبێلەکانی فێرکردنی شوفێری.

٨- **لیژنە**: - لیژنەیەکی تایبەتە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ پێک دەهێنرێت، تایبەتە بە ئەنجامدانی پشکنین (کشف) بۆ بارەگای نوسینگەی فێرکردنی شوفێری ساڵانە دەگۆڕێت.

٩- **پرۆگرام**: - پرۆگرامی پەسەند کراو لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ بە ناوی (ڕێبەری هاتوچۆ) بۆ وانەکانی تیۆری و پراکتیکی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە بۆ جۆرەکانی مۆڵەتی شوفێری، کە لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ و ناوەندی پێگەیاندن و پەرەپێدانی مامۆستا و ڕاهێنەر و نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، لە هەرێمی کوردستان کاری پێ دەکرێت.

١٠- **ناوەند**: - ناوەندی پێگەیاندن و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستا و ڕاهێنەر و فێرکردنی شوفێریە و مۆڵەتی دامەزراندنی لە وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان پێدراو، لەژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتووچۆی هەرێم کار دەکات، بەپێی پرۆگرامی پەسەند کراو لە وەزارەت، و دەتوانێت هاوشێوەی نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری کار بکات.

١١- **نوسینگە**: - نوسینگەی فێرکردنی شوفێری مۆڵەت پێدراو لە لایەن وەزارەت.

١٢- **مامۆستا**: - ئەو کەسەیە، کە وانەی تیۆری (نظري) لەسەر ئەو جۆرە مۆڵەتەی، کە بڕوانامەی بەدەست هێناوە دەڵێتەوە، دەرچووی هەردوو خولی مامۆستایی و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەیە لە ناوەندی پێگەیاندن.

١٣- **ڕاهێنەر**: - ئەو کەسەیە، کە ڕاهێنانی پراکتیکی (عملي) لەسەر ئەو جۆرە مۆڵەتەی، کە بڕوانامەی بەدەست هێناوە ئەنجام دەدات، و دەرچووی هەردوو خولی ڕاهێنەری و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەیە لە ناوەندی پێگەیاندن.

١٤- **ڕاهێنراو**: - ئەو کەسەیە، کە ڕاهێنانی تیۆری و پراکتیکی وەردەگرێت، بە مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری، یان گۆڕینی مۆڵەتەکەی، لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی دیکە پەیوەندی بە ناوەند یان نوسینگەی فێرکردنی شوفێرییەوە دەکات.

١٥- **خاوەن**: - خاوەنی نوسینگە، کە مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری پێدراوە.

١٦- **بەڕێوەبەر**: - بەڕێوەبەری ڕێپێدراوی نوسینگە.

١٧- **کارمەند**: - کارمەندی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، بۆ ڕاپەڕاندنی کاروباری کارگێری و خزمەتگوزارییەکانی ناو بارەگای نوسینگە.

١٨- **ئۆتۆمبێل**:- ئۆتۆمبێلی تایبەت بە نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، بە کار دەهێنرێت بۆ ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی فێرخواز، ئامادە کراوە بە تایبەتمەندی دەقنووسکراو لەم ڕێنماییە.

**ئامانج لە دەرکردنی ئەم ڕێنماییە:**

**مادده (٢):**

١- بۆ بەرزکردنەوەی پێوەرەکانی سەلامەتی و کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ، بە پێشکەشکردنی پڕۆگرامی زانستی و سەردەمیانەی گونجاو لەگەڵ یاسا و ڕێنماییە بەرکارەکان، بۆ بەکارهێنەرانی ڕێگا.

٢- بەرزکردنەوەی کوالێتی نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، هاوشێوەی وڵاتە پێشکەوتووەکان و پەرەدان بە توانا و ئاستی مامۆستا و ڕاهێنەرانی فێرکردنی شوفێری.

٣- یەکخستن و دانانی ستانداردی یەکسان بۆ دڵنیابوون لەوەی، کە هەموو نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری لە ئاستێکی بەرز و کوالێتی باشدان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و چاودێریکردنی پڕۆسەی فێرکردن و ڕاهێنان و تاقیکردنەوەکان بە شێوەیەکی بەردەوام.

**پێدانی مۆڵەتی ناوەندی پێگەیاندن**

**ماددەی (٣):**

**یەکەم: مەرجەکانی بارەگای ناوەندی پێگەیاندن:**

١- ژووری بەڕێوەبەر.

٢- ژووری مامۆستا و ڕاهێنەر.

٣- هۆڵی تیۆری و هۆڵی ڕاهێنان لە (٥٠م٢) پەنجا مەتر دووجا کەمتر نەبێت.

٤- هۆڵی میکانیک.
٥- هۆڵێک بۆ پێشوازی و تۆمارکردن.
٦- ژوورێکی تایبەت بۆ هەڵگرتنی ئەرشیفی سەرجەم دیکۆمێنتی بەشداربووان.
٧- کافتریا.
٨- دوو توالێت یەک بۆ ژنان و یەک بۆ پیاوان.
٩- شوێنی جوگرافی بارەگای ناوەند، دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی بێت.
١٠- بوونی مەرجەکانی سەلامەتی بەپێی ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی بێت.

**دووەم: پێداویستییەکانی ناوەندی پێگەیاندن:**

١- ئۆتۆمبێلی بێ لاشە، ئۆتۆمبێلی فێرکاری ئامادەکراوەی بێ پەیکەرە (مجهز بسيارة تعليم منزوعة الهيكل، لغرض تعليم المتدرب).
٢- سەرجەم بەشە سەرەکییەکانی میکانیکی ئۆتۆمبێل، کە بە تایبەتی دروستکراون بۆ فێربوونی چۆنیەتی کارکردنی ئۆتۆمبێل.
٣- سەرجەم بەشە سەرەکییەکانی ئەلیکترۆنی و کارەباییەکانی ئۆتۆمبێل، کە بە تایبەتی دروستکراون بۆ فێربونی چۆنیەتی کارکردنی ئۆتۆمبێل.
٤- دامەزراندنی سیستەمی کۆمپیوتەری.
٥- کتێبخانەیەک کتێبەکانی تایبەت بە بوارەکانی هاتوچۆ و ڕێگاوبان و ئەندازەی هاتوچۆ و ئۆتۆمبێل و بەرگری شارستانی و فریاگوزاری سەرەتایی تێدابێت.
٦- سمارت بۆردی قەبارە گەورە تایبەت بە فێرکاری.
٧- پێداویستییەکانی فریاگوزاری سەرەتایی تایبەت بە فێرکاری.
٨- پێداویستییەکانی بەرگری شارستانی تایبەت بە فێرکاری.
٩- کەرەستەکانی هاتووچۆی سەر ڕێگا تایبەت بە فێرکاری.
١٠- تابلۆ و هێماکانی هاتوچۆ تایبەت بە فێرکاری.
١١- پرۆگرامی ناوەندی پێگەیاندن: تەنها ئەو پرۆگرامە کاری پێ دەکرێت، کە لە لایەن وەزارەتی ناوخۆ پەسەند کراوە، بە ناوی (ڕێبەری هاتوچۆ) بۆ جۆرەکانی مۆڵەت و هەموو مافەکانی بۆ نووسەر و ئامادەکار و وەزارەت بە گوێرەی ڕێکەوتنی نێوانیان پارێزراوە.
١٢- مامۆستای ناوەندی پێگەیاندن: بەدەر لە نووسەر و دەستەی ئامادەکاری پرۆگرام، دەبێت خاوەنی بڕوانامەی ماستەر بێت لەو بوارەی کە وانەی تێدا دەڵێتەوە، دەبێت لە لایەن نووسەر و دەستەی ئامادەکاری پرۆگرام خولی TOT لە سەر پرۆگرامی پەسەند کراو وەربگرێت بۆ هەر جۆرە مۆڵەتێک لە ناوەندی پێگەیاندن، دەکرێت لە بواری پراکتیکی (عملي) سوود لە کەسانی خاوەن ئەزموون و بڕوانامەی تایبەت بەو بوارە وەربگرێت لە دوای بەشداریکردنیان لە خول و ئەنجامدانی هەڵسەنگان لە ناوەندی پێگەیاندن.

١٣- ناوەند بۆی هەیە کارمەندی بیانی بەکار بهێنێت بەڕەچاوکردنی ڕێژەی (٧٥٪) کارمەندی خۆماڵی (٢٥٪) کارمەندی بیانی.

**سێیەم: میکانیزمەکانی پێدانی مۆڵەتی ناوەندی پێگەیاندن:**

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک لە لایەن خاوەن، یان بریکارە یاساییەکەی بە وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

٢- لە دوای لاری نەبوونی وەزارەت و لایەنە ئەمنییەکان، پشکنین (کشف) ئەنجام دەدرێت لە لایەن لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٣- پێشکەشکردنی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگی کارتی زانیاری و کارتی نیشتمانی، و دوو وێنەی خاوەنی ناوەند پێگەیاندن.

٤- بەرزکردنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان بۆ وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان بە وێنەی ڕەسەن.

٥- بنکەی سەرەکی ناوەند لە هەولێری پایتەخت دەبێت و لقەکانی لە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان ئامادە دەکات بەپێی پێویست.

٦- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەکانی تاوان کە بسەلمێنرێت داواکار بە تاوانێکی ناسیاسی، یان بە کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.

٧- دوای جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە مۆڵەتی کارکردن بە ناوەندی پێگەیاندن دەدرێت لەوەزارەت

٨- ماوەی پێدان مۆڵەت بۆ دوو ساڵە و دوو ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوە.

٩- ناوەند دەتوانێت خول لە بوارەکانی تری هاتوچۆ و خولی VIP بکاتەوە.

**چوارەم**: مەرجەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ناوەندی پێگەیاندن:

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک بەر لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی لە لایەن خاوەن، یان بریکارە یاساییەکەی بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٢- بەرزکردنەوەی سەرجەم دۆکیۆمێنتەکان بۆ وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان بە وێنەی ڕەسەن.

٣- پێشکەشکردنی پاکانەی باج.

٤- ئەنجامدانی پشکنین (کشف) بۆ بارەگا، لە لایەن لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**پێدانی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

**مادده (٤):**

**یەکەم: مەرجەکانی پێدانی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری:**

١- دەبێت خاوەنەکەی هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- پێشکەشکردنی داواکارییەک لە لایەن خاوەن، یان بریکارە یاساییەکەی بە وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی  دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی  یان بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان. بەپێی پاشکۆی ژمارە (١) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٣- لە دوای لاری نەبوونی وەزارەت و لایەنە ئەمنییەکان، پشکنینی بارەگای نوسینگە ئەنجام دەدرێت لە لایەن لیژنە.

٤- پێشکەشکردنی وێنەی تۆماری خاوەنداریتی، ئەگەر بارەگای نوسینگە مولکی خۆی بێت، یان گرێبەستی پەسەندکراو لە بەڕێوەبەرایەتی باج، ئەگەر بارەگای نوسینگە کرێ بێت، یاخود گرێبەستی پەسەندکراو لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی شارەوانی تایبەتمەند، ئەگەر بانەوانی (مساطحة) بێت.

٥- پێشکەشکردنی لیستی ناو و کۆپی ڕەنگاوڕەنگی کارتی زانیاری و کارتی نیشتمانی یان (ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی) و دوو وێنەی سەرجەم ستافی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٢/أ) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٦- هاوپێچ کردنی کۆپی ڕەنگاو ڕەنگی بڕوانامەی دەرچوونی هەردوو خولی پێگەیاندن و خولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستا و ڕاهێنەر لە ناوەندی پێگەیاندن و پەرەپێدان، بە مەرجێک لە دوو بڕوانامەی مامۆستا و دوو بڕوانامەی ڕاهێنەر کەمتر نەبێت بۆ هەر جۆرە مۆڵەتێک، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٢/ب) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٧- پێشکەشکردنی لیست و کۆپی ساڵیانەی ئەو ئۆتۆمبێلانەی، کە لە نوسینگەی فێرکردنی شوفێری کاری پێ دەکرێت و بەپێی پۆلینی جۆرەکانی مۆڵەت، کە تەنها بۆ فێرکردن و کاروباری نوسینگە بەکار دەهێنرێت، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٢/ج) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٨- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند بۆ نەخۆشییە گوازراوەکان بۆ سەرجەم ستافی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، لە ڕێگای ئاراستەکردنی نووسراوێک لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

٩- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەکانی تاوان، کە بسەلمێنرێت داواکار بە تاوانێکی ناسیاسی، یان کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت لە ڕێگای ئاراستەکردنی نووسراوێک لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتووچۆ بۆ لایەنی پەیوەندیدار.

١٠- ئەنجامدانی پشکنیین (کشف) لە لایەن لیژنە، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٣) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

١١- بەرزکردنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان بۆ وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی  دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی ، بە مەرجێک: کۆنووسی لیژنە، بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان، بەڵگەنامەی پزیشکی ڕەسەن بێت و (وێنەی کەسی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر بێت).

١٢- دوای جێبەجێکردنی خاڵەکانی سەرەوە، مۆڵەتی کارکردنی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری پێ دەدرێت لە وەزارەت.

١٣- هیچ نوسینگەیەکی فێرکردنی شوفێری بۆی نییە لقی دیکە بکاتەوە.

١٤- ماوەی مۆڵەت پێدان بۆ دوو ساڵە و دوو ساڵ جارێک نوێ دەکرێتەوە.

**دووەم: مەرجەکانی نوێکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری:**

١- پێشکەشکردنی داواکارییەک بەر لە (٣٠) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی، لە لایەن خاوەن، یان بریکارە یاساییەکەی بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و هاوپێچ کردنی خاڵەکانی (٦-٧-٨) لە بڕگەی یەکەم لە ماددەی (٥)ی ئەم ڕێنماییە، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٤) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٢- ئەنجامدانی پشکنیین (کشف) لە لایەن لیژنە، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٥) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٣- هاوپێچ کردنی بڕوانامەی دەرچوون و بڕوانامەی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستا و ڕاهێنەرەکان،ناوەند دەبێت لەکاتی خولی پەرەپێدان وهەڵسەنگاندنی ساڵانە ئاستەکانیان دیاری بکات

٤- پێشکەشکردنی پاکانە (باج)ی نوسینگە.

٥- بەرزکردنەوەی سەرجەم بەڵگەنامەکان بۆ وەزارەت/ بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوان/ بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان، لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی / بەڕێوەبەرایەتی هاتووچۆی پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان. بە مەرجێک: کۆنووسی لیژنە ڕەسەن بێت و (وێنەی کەسی ڕەنگاوڕەنگی لەسەر بێت).

**سێیەم: گواستنەوەی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری:**

١- لە کاتی گواستنەوەی بارەگای نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، پێویستە داواکارییەک لە لایەن خاوەن، یان بریکارە یاساییەکەی پێشکەش بە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ بکرێت بەمەبەستی ئەنجامدانی پشکنین (کشف) لە لایەن لیژنە و ناردنی کۆنووسی لیژنە (وێنەی ڕەسەن) بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ.

٢- کاتی گواستنەوەی نوسینگە نابێت بکەوێتە نێوان ماوەی بەڕێوەچوونی خولی تیۆری و پراکتیکی فێرخوازان.

٣- هەر نوسینگەیەک کە بارەگاکانیان دەگوازنەوە، دەبێت لە سنوری شوێنی مۆڵەت پێدراوی خۆی (پارێزگا، قەزا، ناحیە) دەرنەچێت.

**مەرجەکانی بارەگای نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

**مادده (٥):**

**یەکەم: - پێداویستیی و مەرجەکانی بارەگای نوسینگەی فێرکردنی شوفێری:**

١- ژوورێک بۆ بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەر.

٢- ژوورێک بۆ پێشوازی و تۆمارکردنی فێرخواز.

٣- هۆڵێک بۆ پێشکەشکردنی وانەکانی تیۆری، کە ڕووبەرەکەی لە (٣٠م٢) سی مەتر دووجا کەمتر نەبێت، بە سەرجەم پێداویستیەکانی هۆڵەکانی وانەوتنەوە.

٤- دانانی کامێرای چاودێری لە سەرجەم ژوورەکانی نوسینگە.

٥- دوو توالێت یەک بۆ ژنان و یەک بۆ پیاوان.

٦- شوێنی جوگرافی بارەگای نوسینگە دەبێت بەپێی ڕێنماییەکانی شارەوانی بێت.

٧- بوونی مەرجەکانی سەلامەتی بەپێی ڕێنماییەکانی بەرگری شارستانی بێت.

٨- ناوەند و ئەو نوسینگانەی فێرخوازی مۆڵەتی جۆری ماتۆڕسکیل وەردەگرن، دەبێت گۆڕەپانێک دابین بکەن بۆ ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی پڕاکتیکی، کە ڕووبەرەکەی بە ئەندازەیەک بێت، کە سەرجەم مانۆڕەکانی ماتۆڕسکیلی تێدا ئەنجام بدرێت، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٦) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

**دووەم: - تۆمارەکانی کاروباری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری:**

١- تۆماری زانیاری فێرخواز، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٧) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٢- تۆماری لیستی ئامادەبووانی خوێندنی وانەکانی تیۆری ڕۆژانە، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٨) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٣- تۆماری ئامادەبووانی خوێندنی وانەکانی تیۆری، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٩/أ) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٤- تۆماری ئامادەبووانی خوێندنی وانەکانی پراکتیکی، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٩/ب) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٥- تۆماری بەشداریکردنی تاقیکردنەوەی پراکتیکی، بەپێی پاشکۆی ژمارە (٩/ج) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٦- پسووڵەی وەرگرتنی پارە لە فێرخواز، بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٠) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٧- تۆماری کارکردنی ڕۆژانەی مامۆستا و ڕاهێنەر، بەپێی پاشکۆی ژمارە (١١) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٨- هەر تۆمارێکی دیکە، کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی بە پێویستی بزانێت.

### مەرجەکانی بوون بە مامۆستا و ڕاهێنەری لە نوسینگەی فێرکردنی شوفێری

**مادده (٦):**

**یەکەم: پێویستە مامۆستا و ڕاهێنەری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری ئەم مەرجانەی تێدا بێت:**

١- دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت.

٢- نابێت تەمەنی لە (٢٠) بیست ساڵ کەمتر بێت و لە (٦٣) شەست و سێ ساڵ زیاتر بێت.

٣- دەبێت (٢) دوو ساڵ بەسەر بەدەستهێنانی مۆڵەتی شوفێری تێپەڕ بووبێت بۆ جۆری (B).

٤- بۆ ڕاهێنەریی دەبێت بڕوانامەی لە شەشی سەرەتایی کەمتر نەبێت.
٥- بۆ مامۆستا دەبێت بڕوانامەی لە شەشی ئامادەیی کەمتر نەبێت.
٦- هیچ نەخۆشییەکی گوازراوەی نەبێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.
٧- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەکانی تاوان، کە بسەلمێنرێت داواکار بە تاوانێکی ناسیاسی، یان بە کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.
٨- فەرمانبەری هەمیشەیی هیچ دامودەزگایەکی حکومەت نەبێت لەسەر هەر دوو میلاکی (شارستانی و سەربازی)و ناردنیان بۆ بایۆمێتری بە مەبەستی هێنانی پشتگیری، کە فەرمانبەر نین.
٩- هەڵگری بڕوانامەی دەرچوون بێت لە هەر دوو خولی پێگەیاندن و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە، لە ناوند.

**دووەم: میکانیزم و ماوەی خولەکانی پێگەیاندنی مامۆستا و ڕاهێنەر:**

١- وانەکانی خولی جۆری (B-BE) بۆ هەر بەشداربوویەک نابێت لە (١٦٠) سەد و شەست وانە کەمتر بێت.
٢- وانەکانی خولی جۆری (C- C1- C1E- CE) بۆ هەر بەشداربوویەک نابێت لە (٢٠٠) دوو سەد وانە کەمتر بێت.
٣- وانەکانی خولی جۆری (D-D1-D1E-DE) بۆ هەر بەشداربوویەک نابێت لە (٢٠٠) دوو سەد وانە کەمتر بێت.
٤- وانەکانی خولی جۆری (T) بۆ هەر بەشداربوویەک نابێت لە (١٦٠) سەد و شەست وانە کەمتر بێت.
٥- وانەکانی خولی جۆری (A) بۆ هەر بەشداربوویەک نابێت لە (١٦٠) سەد و شەست وانە کەمتر وەربگرێت.
٦- بۆ گۆڕینی بڕوانامەی ڕاهێنەر بۆ بڕوانامەی مامۆستا و ڕاهێنەر دەبێت (٤٠) چل وانە وەربگرێت، بەپێی پاشکۆی ژمارە (و-١٩) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.
٧- بۆ گۆڕینی بڕوانامەی مامۆستا بۆ بڕوانامەی مامۆستا و ڕاهێنەر دەبێت (٤٠) چل وانە وەربگرێت، بەپێی پاشکۆی ژمارە (د-١٩) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.
٨- نابێت بەشداربووان زیاتر لە ١٠٪ دە لەسەد زیاتر ئامادەنەبوون (غیاباتیان) لە ماوەی خولەکەدا هەبێت.
٩- هەر بەشداربوویەک لە پاش (١٠) دە خولەک دوای دەستپێکی وانەکان ئامادە نەبێت بە ئامادە نەبوو (غائب) هەژمار دەکرێت.
١٠- بۆ کردنەوەی هەر خولێکی پێگەیاندنی مامۆستا و ڕاهێنەری بۆ جۆرەکانی مۆڵەت پێویستە لە (١٠) دە بەشداربوو کەمتر نەبێت.

**سێیەم: میکانیزمی تاقیکردنەوەی خولی پێگەیاندنی مامۆستا و ڕاهێنەر**

١- تاقیکردنەوەی بەشداربووان لەم چەند بەشە پێکدێت: تاقیکردنەوەی تیۆری، تاقیکردنەوەی وانەووتنەوە، تاقیکردنەوەی ئۆتۆمبێل لێخوڕین، تاقیکردنەوەی وەک ڕاهێنەر بە فێرخواز.

٢- تاقیکردنەوەکانی تیۆری لەم بابەتانەیە: یاسا و ڕێنماییەکانی هاتوچۆ، هێما و کەرەستەکانی هاتوچۆ، میکانیک و مەرجەکانی توندوتۆڵی، فریاگوزاری سەرەتایی، بەرگری شارستانی، مانۆڕ و پێشڕەوییەکانی هاتوچۆ، دەروونناسی و تەندروستی شوفێر، تەنها ئەم بەشەی تاقیکردنەوەیە لە بنکەی سەرەکی ناوەند دەبێت لە هەولێری پایتەخت، لە ژێر چاودێری بەڕێوەبەرایەتی گشتی هاتوچۆ، کە ژمارەی پرسیارەکان (٥٠) پەنجا پرسیارە و ماوەی تاقیکردنەوە (٥٠) پەنجا خولەکە دەبێت (٤٠) چل وەڵامی ڕاست بێت.

٣- تاقیکردنەوەی پڕاکتیکی دوو بەش دەبێت، یەکەم تاقیکردنەوەی ئۆتۆمبێل لێخوڕین بەپێی ڕابەری هاتوچۆ، دووەم تاقیکردنەوەی وەک ڕاهێنەر بە فێرخواز.

٤- هەڵسەنگاندنی مامۆستا لە کاتی وانەوتنەوە دەبێت بۆ فێرخواز و وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە لێی دەکرێت.

٥- لەپاش دەرنەچوونی بەشداربوو لە خولی یەکەم، تەنها یەک جاری دیکە بۆی هەیە بەشداری تاقیکردنەوە بکاتەوە، ئەگەر دەرنەچوو بێ بەش دەبێت لە بەدەستهێنانی بڕوانامە.

٦- لە کۆی گشتی نمرەکانی تاقیکردنەوەی بەشداربوو، نابێت نمرەکانی لە (٨٠٪) هەشتا لەسەد کەمتر بێت، بەپێی پاشکۆی ژمارە (أ-ب-ج-١٩) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٧- نمرەکان بەم شێوەیە ئاست وپلەکانی دیاری دەکرێت:(٨٠)مام ناوەند (٨٥)باش (٩٠)زۆر باش (٩٥) نایاب.

**چوارەم: میکانیزمی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستا و ڕاهێنەر**

١- وانەکانی خولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستا و ڕاهێنەر بۆ هەر جۆرە مۆڵەتێک دەبێت لە (٣٠) سی وانە کەمتر نەبێت.

٢- پێداچوونەوە بە وانەکانی تیۆری و پڕاکتیکی دەکرێت، کە لە نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری دەخوێنرێت و فێرخواز تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی لەسەر دەکات، و ئەو بابەتانەی کە بۆ ڕۆشنبیرکردنی گشتی هاتووچۆیە، لە بوارە جیاجیاکاندا.

٣- ئەو بابەتە نوێیانە دەخوێندرێت، کە لە پرۆگرام زیاد یان هەموار دەکرێت، یان ئەو یاسا و ڕێنماییانەی کە تایبەتن بە هاتوچۆ.

٤- هەڵسەنگاندن بۆ مامۆستا و ڕاهێنەر، لەسەر تاقیکردنەوەی تیۆری و تاقیکردنەوەی پڕاکتیکی و وانەوتنەوە و وەڵامدانەوەی پرسیارەکان دەبێت، کە بە شێوەی زارەکی لێیان دەکرێت، بۆ دیاریکردنی ئاستیان، دەبێت لە (٨٠٪) هەشتا لەسەد کەمتر نەبێت، بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٩) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٥- ساڵانە لە کاتی خولی پەرەپێدان نمرەکان بەم شێوەیە ئاستیان دیاری دەکرێت: ٨٠ مامناوەند ٨٥ باش ٩٠ زۆر باش ٩٥ نایاب.

٦- هەر بەشداربوویەک کارێکی نەشیاو ئەنجام بدات بەرامبەر بە بەشداربوویەکی تر، یان ئەفسەر و پۆلیس و کارمەندانی هاتوچۆ، یان ستافی ناوەند یان گزی (غەش) ئەنجام بدات، لە خولی پێگەیاندن یان پەرەپێدان، کارەکانی بۆ ماوەی شەش مانگ ڕادەگیرێت.

٧- هەر مامۆستا و ڕاهێنەرێک، کە مۆڵەتی جۆری (گشتی) یان هەیە، لە دوای بەشداریکردنیان لە خولی پێگەیاندن و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە، مۆڵەتی شوفێرییەکانیان دەگۆڕێت بۆ ئەو جۆرە مۆڵەتەی کە خولیان تێیدا بینیوە و بڕوانامەیان بەدەست هێناوە، بە هێنانی پشتگیرییەک لە ناوەند بۆ بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ.

**ئۆتۆمبێلی ڕاهێنان**

**مادده (٧):**

**یەکەم: پێداویستییەکانی ئۆتۆمبێل:**

١- دانانی چوار ئاوێنە بۆ ڕاهێنەر بۆ بینینی دواوە و تەنیشتی لای چەپ و تەنیشتی لای ڕاست و ئاوێنەیەک بۆ بینینی فێرخواز.

٢- دانانی ئامرازی ئیستۆپ بۆ ئۆتۆمبێلی گێڕ ئۆتۆماتیک لەو لایەی کە ڕاهێنەرەکە لێی دادەنیشێت.

٣- دانانی ئامرازی ئیستۆپ و کلاچ بۆ ئۆتۆمبێلی گێڕ عادی لەو لایەی کە ڕاهێنەرەکە لێی دادەنیشێت.

٤- دانانی کامێرا بۆ هەر دوو ئاراستە ناو کابینە و ئاراستەی پێشی ئۆتۆمبێل و ریکۆردی دەنگیش بکات لەکاتی ڕاهێنان و تاقیکردنەوە بۆ گشت جۆرەکانی ئۆتۆمبێل، بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٢) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

**دووەم: تابلۆی ناسینەوەی ئۆتۆمبێلەکانی نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری:**

١- بۆ ئۆتۆمبێلی جۆری (B) تابلۆیەکی سپی ڕووناک بە پانی (٨٠) هەشتا سانتیمەتر و بەرزی (٣٠) سی سانتیمەتر لەسەر سەقفی ئۆتۆمبێل دادەنرێت و ناو و ژمارەی تەلەفۆنی نوسینگە و دەستەواژەی (ئاگاداربە ئەم شوفێرە لە ڕاهێناندایە) لەسەر دەنووسرێت لەگەڵ نووسینی پیتی (L) بەڕەنگی سوور بە ئینگلیزی، لە کاتژمێرەکانی (٦ بۆ ٩) ی شەو گڵۆپەکانی تابلۆی سەر سەقفی ئۆتۆمبێل دەبێت داگیرساو بن.

٢- لۆگۆی نوسینگە بەشێوەی بازنەیی کە تیرەکەی لە (٤٠) چل سانتیمەتر کەمتر نەبێت و تێیدا ناوی نوسینگە بە گەورەیی نووسرابێت و لەسەر هەر دوو دەرگای پێشەوەی ئۆتۆمبێل دەچەسپێنرێت.

٣- بۆ جۆری (BE) سەرەڕای خاڵی (١ و ٢)، تابلۆیەک بە پانی (٩٠) نەوەد سانتیمەتر و بە بەرزی (٣٠) سی سانتیمەتر لە پشتی عەرەبانەکەی دەنووسرێت دەستەواژەی (ئاگاداربە ئەم شوفێرە لە ڕاهێناندایە) و پیتی (L) بە ڕەنگی سوور بە ئینگلیزی دەنووسرێت.

٤- بۆ ئۆتۆمبێلی جۆری (C1-C) و (D1- D) تابلۆیەک بە پانی (١٥٠) سەد و پەنجا سانتیمەتر و بەرزی (٤٠) چل سانتیمەتر دەنووسرێت دەستەواژەی (ئاگاداربە ئەم شوفێرە لە ڕاهێناندایە) و پیتی (L) بە ڕەنگی سوور بە ئینگلیزی دەنووسرێت لە پێش و تەنیشت و لە دواوە دەچەسپێنرێت.

٥- بۆ جۆری (C1E-CE) و (D1E-DE) سەرەڕای خاڵی (٢ و ٤) تابلۆیەک بە پانی (١٥٠) سەد و پەنجا سانتیمەتر و بەرزی (٤٠) چل سانتیمەتر لە پشت و تەنیشتی عەرەبانەکەی دەستەواژەی (ئاگاداربە ئەم شوفێرە لە ڕاهێناندایە) و پیتی (L) بە ڕەنگی سوور بە ئینگلیزی.

٦- بۆ جۆری (T) ئامێرەکانی بیناسازی و کشتوکاڵی لۆگۆی نوسینگە بە شێوەی بازنەیی، کە تیرەکەی لە (٤٠) چل سانتیمەتر کەمتر نەبێت و تێیدا ناوی نوسینگە بە گەورەیی نووسرابێت لەسەر هەر دوو دەرگا دەچەسپێنرێت. لەگەڵ نووسینی پیتی (L) بە ڕەنگی سوور بە ئینگلیزی.

٧- بۆ جۆری (A) ماتۆڕسکیل، دەبێت نووسینی پیتی (L) بە ڕەنگی سوور بە ئینگلیزی لە پێش و پشتی ماتۆڕسکیلەکە هەڵبواسرێت. بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٣) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

**سێیەم: مۆدێلی ڕێگەپێدراو**

١- مۆدێلی ڕێگەپێدراوی ئۆتۆمبێلی فێرکردنی شوفێری جۆری (B) لە (٦) شەش مۆدێل خوار لە مۆدێلی ساڵ ڕێگە پێدراوە، دەتوانێت لە ڕۆژی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و وەرگرتنی تابلۆ (٦) شەش ساڵ کاری پێبکرێت، بە مەرجێک لە پشکنینی مەرجی توندوتۆڵی دەرچوو بێت.

٢- مۆدێلی ڕێگەپێدراوی ئۆتۆمبێلی فێرکردنی شوفێری پاس و بارهەڵگر لە (١٢) دوانزە مۆدێل خوار لە مۆدێلی ساڵ ڕێگە پێدراوە، دەتوانێت لە ڕۆژی تۆمارکردنی ئۆتۆمبێل و وەرگرتنی تابلۆ (١٢) دوازدە ساڵ کاری پێبکرێت، بەو مەرجەی لە پشکنینی ساڵانەی توندوتۆڵی دەرچوو بێت.

٣- مۆدێلی ڕێگەپێدراوی ماتۆڕسکیلی فێرکردنی شوفێری (٦) شەش مۆدێل خوار لە مۆدێلی ساڵ ڕێگە پێدراوە، ئەم شەش ساڵە لە ڕۆژی تۆمارکردنی ماتۆڕسکیل و وەرگرتنی تابلۆ هەژمار دەکرێت.

٤- بۆ ئامێرەکانی بیناسازی و کشتوکاڵی، بەو مەرجەی لە پشکنینی ساڵانەی توندوتۆڵی دەرچوو بێت.

٥- لە کاتی گۆڕینی ئۆتۆمبێلی نوسینگە، پێویستە داواکارییەک لە لایەن خاوەن، یان بریکارە یاساییەکەی پێشکەش بە هۆبە بکرێت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و کۆپی ساڵیانە و پشکنینی مەرجی توندوتۆڵی هاوپێچ بکرێت.

**مەرجەکانی بوون بە بەڕێوەبەری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

**مادده (٨):**

**پێویستە بەڕێوەبەری نوسینگە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:**

١- دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، یان بە شێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت و کارتی نشینگەکەی بەسەر نەچووبێت.

٢- تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.
٣- بڕوانامەی لە ناوەندی کەمتر نەبێت.
٤- هیچ نەخۆشییەکی گوازراوەی نەبێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.
٥- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەکانی تاوان، کە بسەلمێنرێت داواکار بە تاوانێکی ناسیاسی، یان بە کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.
٦- فەرمانبەری هەمیشەیی هیچ دامودەزگایەکی حکومەت نەبێت لەسەر هەر دوو میلاکی (شارستانی و سەربازی) ناردنیان بۆ بایۆمێتری بە مەبەستی هێنانی پشتگیری کە فەرمانبەر نین.
٧- دانان و لابردنی بەڕێوەبەری نوسینگە لە دەسەڵاتی خاوەنی نوسینگە دەبێت، بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی.

**مەرجەکانی بوون بە کارمەندی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

**مادده (٩):**

**پێویستە کارمەندی نوسینگە ئەم مەرجانەی تێدا بێت:**

١- دەبێت هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بێت، یان بە شێوەیەکی یاسایی نیشتەجێی هەرێمی کوردستان بێت و کارتی نشینگەکەی بەسەر نەچووبێت.
٢- تەمەنی لە (١٨) هەژدە ساڵ کەمتر نەبێت.
٣- هیچ نەخۆشییەکی گوازراوەی نەبێت بەپێی ڕاپۆرتی لیژنەی پزیشکی تایبەتمەند.
٤- هێنانی بەڵگەنامەی نەبوونی تاوان (شهادة عدم المحكومية) لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەکانی تاوان، کە بسەلمێنرێت داواکار بە تاوانێکی ناسیاسی، یان بە کەتنێکی ئابڕووبەر سزا نەدرابێت.
٥- فەرمانبەری هیچ دامودەزگایەکی حکومەت نەبێت لەسەر هەر دوو میلاکی (شارستانی و سەربازی) ناردنیان بۆ بایۆمێتری بە مەبەستی هێنانی پشتگیری کە فەرمانبەر نین.

**کارتی ناساندنی بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەر و کارمەندی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

**مادده (١٠):**

١- دروستکردنی ناسنامەیەکی تایبەت بە بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەر لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی ، کە جۆری بڕوانامەی فێرکردنی مامۆستا و ڕاهێنەری و ئاستیانی تێدا دیاری دەکرێت لە پاش دەرچونیان لە خولی پێگەیاندن و پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە.
٢- لە کاتی نوێنەکردنەوەی ناسنامەکانیان لە ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی ناسنامەکانیان لە کارەکانیان ڕادەگیرێن.
٣- دروستکردنی کارتێکی تایبەت بە کارمەند لەلایەن هۆبە لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٤) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

**میکانیزمی بەشداریکردنی فێرخواز لە خولی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری**

**مادده (١١):**

١- سەردانیکردنی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ، بۆ پڕکردنەوەی فۆرمی بەشداریکردن.

٢- پشکنینی پزیشکی لە لایەن لیژنەیەکی تایبەتمەند دەکرێت.

٣- ناوەند یان نوسینگە بە لیستێک ناوی ئەو فێرخوازانە پێشکەش بە بەشی مۆڵەت / هۆبەی چاودێری دەکات هاوپێچ لەگەڵ فۆرمی بەشداربوون و کارتی فێرخواز، بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٥) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٤- لە دوای وردبینی کردن لە لایەن ئەفسەری مۆڵەتەوە کارتەکانی فێرخواز مۆر و واژۆ دەکرێت.

٥- بەشداری وانەکانی تیۆری دەکات، بەپێی ئەو میکانیزمەی کە لە مادەی (١١) دانراوە.

٦- ناوەند یان نوسینگە بە لیستێک ناوی ئەو فێرخوازانە پێشکەش بە بەشی مۆڵەت دەکات کە وانەکانی تیۆریان خوێندوە.

٧- بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ ڕۆژ و کاتی تاقیکردنەوەی تیۆری بۆ فێرخواز دیاری دەکات.

٨- لە دوای دەرچوونی فێرخواز لە تاقیکردنەوەی تیۆری لە لایەن ناوەند یان نوسینگەوە ڕۆژ و کاتی ڕاهێنانی پراکتیکی بۆ دیاری دەکرێت، و دەکرێت فێرخواز لەهەمان کاتدا وانەکانی تیۆری و پراکتیکی وەربگرێت لەسەر داوای خۆی.

٩- ناوەند یان نوسینگە بە لیستێک ناوی ئەو فێرخوازانە پێشکەش بە بەشی مۆڵەت دەکات کە وانەکانی پراکتیکیان خوێندوە.

١٠- بەشی مۆڵەت لە بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ ڕۆژ و کاتی تاقیکردنەوەی پراکتیکی بۆ دەرهێنانی مۆڵەت دیاری دەکات.

**میکانیزمی خوێندنی وانەکانی تیۆری و پراکتیکی**

**مادده (١٢):**

**یەکەم:**

**١- بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی جۆری A**

أ- (٢١) بیست و یەک وانەی تیۆری لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا بخوێنێت، (٣) سێ وانە لە ڕۆژێکدا و کاتی هەر وانەیەک (٤٥) چل و پێنج خولەکە و پشوویەکی (١٥) پازدە خولەکی لە نێوانیاندایە فێرخواز نابێت لە (٣) سێ وانە زیاتر ئامادەنەبووی (غیابات)ی وانەکانی تیۆری لە ماوەی خولەکەدا هەبێت.

ب- (١٢) دوانزە وانەی پراکتیکی بخوێنێت و کاتی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە. پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٢- بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی جۆری B**

أ- (٢١) بیست و یەک وانەی تیۆری لە ماوەی (٧) حەوت ڕۆژدا بخوێنێت، (٣) سێ وانە لە ڕۆژێکدا و کاتی هەر وانەیەک (٤٥) چل و پێنج خولەکە و پشوویەکی (١٥) پازدە خولەکی لە نێوانیاندایە. فێرخواز نابێت لە (٣) سێ وانە زیاتر ئامادەنەبووی (غیابات)ی وانەکانی تیۆری لە ماوەی خولەکەدا هەبێت.

ب- (١٢) دوازدە وانەی پراکتیکی بخوێنێت و کاتی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە. پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٣- بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی جۆری C1-C**

أ- (٣٠) سی وانەی تیۆری لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا بخوێنێت، (٣) سێ وانە لە ڕۆژێکدا و کاتی هەر وانەیەک (٤٥) چل و پێنج خولەکە و پشوویەکی (١٥) پازدە خولەکی لە نێوانیاندایە. فێرخواز نابێت لە (٣) سێ وانە زیاتر ئامادەنەبووی (غیابات)ی وانەکانی تیۆری لە ماوەی خولەکەدا هەبێت.

ب- (١٢) دوازدە وانەی پراکتیکی بخوێنێت و کاتی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە. پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٤- بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی جۆری D1-D**

أ- (٣٠) سی وانەی تیۆری لە ماوەی (١٠) دە ڕۆژدا بخوێنێت، (٣) سێ وانە لە ڕۆژێکدا و کاتی هەر وانەیەک (٤٥) چل و پێنج خولەکە و پشوویەکی (١٥) پازدە خولەکی لە نێوانیاندایە. فێرخواز نابێت لە (٣) سێ وانە زیاتر ئامادەنەبووی (غیابات)ی وانەکانی تیۆری لە ماوەی خولەکەدا هەبێت.

ب- (١٢) دوازدە وانەی پراکتیکی بخوێنێت و کاتی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە. پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٥- بۆ دەرهێنانی مۆڵەتی جۆری T**

أ- (١٥) پازدە وانەی تیۆری لە ماوەی (٥) پێنج ڕۆژدا بخوێنێت، (٣) سێ وانە لە ڕۆژێکدا و کاتی هەر وانەیەک (٤٥) چل و پێنج خولەکە و پشوویەکی (١٥) پازدە خولەکی لە نێوانیاندایە. فێرخواز نابێت لە (٣) سێ وانە زیاتر ئامادەنەبووی (غیابات)ی وانەکانی تیۆری لە ماوەی خولەکەدا هەبێت.

ب- (٨) هەشت وانەی پراکتیکی بخوێنێت و کاتی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە. پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٦- بۆ گۆڕینی مۆڵەت لە C1 - C1E یان C - CE**

دەبێت (٦) شەش وانەی پراکتیکی وەربگرێت ماوەی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە، پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٧- بۆ گۆڕینی مۆڵەت لە D1 - D1E یان D - DE**

دەبێت (٦) شەش وانەی پراکتیکی وەربگرێت ماوەی هەر وانەیەکی پراکتیکی (١) یەک کاتژمێرە، پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٨- بۆ گۆڕینی مۆڵەت لە B بۆ BE**

دەبێت (٦) شەش وانەی پراکتیکی وەربگرێت، پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**٩- بۆ گۆڕینی مۆڵەتی B گێڕ ئۆتۆماتیک بۆ B گێڕ عادی**

دەبێت داواکار (٦) شەش وانەی پراکتیکی بخوێنێت، پێویستە فێرخواز لە هەموو وانە پراکتیکییەکان لە ماوەی خول ئامادەبێت و هیچ غیابی نەبێت.

**دووەم:**

١- لەپاش (٦) شەش جار دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری فێرخواز دەبێت لە سەرەتاوە دەست بکاتەوە بە ڕێکارەکانی فۆرم وەرگرتن و پشکنینی تەندروستی و خوێندنەوەی وانەکانی تیۆری، ئەگەر ساڵێک تێپەر ببوو بەسەر وەرگرتنی فۆرمی یەکەم تاقیکردنەوە.

٢- لەپاش (٦) شەش جار دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی پراکتیکی فێرخواز دەبێت لە سەرەتاوە دەست بکاتەوە بە ڕێکارەکانی فۆرم وەرگرتنی وانەکانی ڕاهێنانی پراکتیکی. (وانەی تیۆری و تاقیکردنەوەی تیۆری ناکاتەوە، ئەگەر ساڵێک زیاتر بەسەر ڕێکەوتی دەرچوونی تێپەر نەبووبوو).

٣- لە تاقیکردنەوەی سەر شەقام هەر فێرخوازێک دەرنەچوو لەلایەن ئەفسەری تاقیکردنەوەوە یان ئامێری زیرەک هەڵەکانی بۆ دەست نیشان دەکرێت، جۆر و ماوەکەی بۆ دیاری دەکرێت، کە چەند وانە وەربگرێتەوە، دواتر بۆی هەیە بەشداری تاقیکردنەوەی پراکتیکی بکاتەوە.

٤- فێرخواز ئازادە لە وەرگرتنی وانەی پراکتیکی زیاتر لەسەر داواکاری خۆی دوای پێشکەشکردنی داواکارییەک بە بەڕێوەبەری نوسینگە.

**سێیەم: کاتی خوێندنی وانەکان:**

١- وانەکانی تیۆری لەنێوان کاتژمێر (٨:٠٠) بەیانی بۆ (٦:٠٠) ئێوارە دەبێت بەپێی گونجانی کاتی نوسینگە و فێرخواز.

٢- وانەکانی پراکتیکی لەنێوان کاتژمێر (٧:٠٠) بەیانی بۆ (٩:٠٠) شەو دەبێت بەپێی گونجانی کاتی ڕاهێنەر و فێرخواز.

## پابەندییەکان

**مادده (١٣):**

**یەکەم: پابەندییەکانی مامۆستا و ڕاهێنەری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

١- دەبێت پابەندی میکانیزم و ماوەی وانە و پرۆگرام بن بۆ وانەکانی تیۆری و پراکتیکی و خولی پێگەیاندن و هەڵسەنگاندن و پەرەپێدانی ساڵانە.

٢- هەر مامۆستا و ڕاهێنەرێک لە مانگێکدا تەنیا (١٢) دوازدە کارتی فێرخوازی پێ دەدرێت بۆ فێرکردن و ڕاهێنان، پاشان پەیپێی دیاریکردنی ئاستیان لە خولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە ژمارەی کارتی فێرخواز دیاری دەکرێت.

٣- لە کاتی وتنەوەی وانەی تیۆری و ڕاهێنانی پراکتیکی و تاقیکردنەوەدا کارتیان پێ بێت و هەڵیبواسن.

٤- نابێت هیچ مامۆستا و ڕاهێنەرێک بەدەر لەو نوسینگەی، کە لێی تۆمارە لە هیچ نوسینگەیەکی تر کار بکەن.

٥- گواستنەوەی مامۆستا و ڕاهێنەر لە نوسینگەیەکەوە بۆ نوسینگەیەکی تر، پێویستە پاش تەواوکردنی خولی فێرخوازەکانی بێت.

٦- هەر مامۆستا و ڕاهێنەرێک لە هەڵسەنگاندنی ساڵانە ئاستی (٨٠٪) هەشتا لە سەد کەمتر بوو (٥) پێنج فێرخواز لە بەشە مانگانەکەی لێ کەم دەکرێتەوە، بۆ ساڵی دواتر ئەگەر ئاستی بەرز کردەوە (٥) پێنج فێرخوازی بۆ زیاد دەکرێتەوە، بەڵام ئەگەر ئاستی زیاتر دابەزیبوو (٥) پێنج فێرخوازی دیکەشی لێ کەم دەکرێتەوە.

٧- لە کاتی ونبوونی کارتی مامۆستا و ڕاهێنەر دەبێت بە زووترین کات مامەڵەی ونبوونی (مفقودات) لە بەشی ونبوونەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس ئەنجام بدات.

٨- مامۆستا و ڕاهێنەر نابێت وانەکانی تیۆری و پراکتیکی بڵێنەوە ئەگەر بڕوانامەی تایبەتیان لە جۆری ئەو مۆڵەتە نەبێت.

٩- تەنیا مامۆستای تیۆری پابەند و بەرپرسیارە بە ئاماژەدان بە نەهاتوو (غیابات)ی فێرخواز.

١٠- نابێت مامۆستا بەشداری تاقیکردنەوەی تیۆری بە فێرخواز بکات، تا سەرجەم وانەکانی دیاریکراوی تیۆری نەخوێنێت.

١١- دەبێت پشتێنی سەلامەتی لە کاتی ڕاهێناندا، بۆ فێرخواز و ڕاهێنەر و سەرنشینەکانی دواوە بەکار بهێنرێت.

١٢- بەکارهێنانی مۆبایل لە کاتی ڕاهێناندا، بۆ ڕاهێنەر بۆ هەر مەبەستێک ڕێگە پێنەدراوە، بەتایبەتی بۆ پەیوەندی و وێنەگرتن و ڤیدیۆ تۆمارکردن.

١٣- هیچ مامۆستا و ڕاهێنەرێک نابێت فێرخواز و ئەفسەر و پۆلیسی هاتوچۆ بۆ ڕیکلام کردن بەکار بهێنێت.

١٤- دەبێت ڕاهێنەر لە کاتی ڕاهێنانی پراکتیکیدا لە تەنیشت فێرخوازەوە بێت، بە هیچ شێوەیەک فێرخواز بە تەنها لە ئۆتۆمبێلدا بەجێ نەهێڵێت.

١٥- ڕاهێنەر بەرپرسیارە بەرامبەر بەو سەرپێچییانەی لە کاتی ڕاهێناندا فێرخواز ئەنجامی دەدات.

١٦- دەبێت ڕاهێنەر ڕەچاوی پاک و خاوێنی ئۆتۆمبێلی نوسینگە بکات لە کاتی ڕاهێنان وتاقیکردنەوەدا.

١٧- لە کاتی ڕاهێنانی پراکتیکی فێرخواز دەبێت (هێلەک)ی درەوشاوە (فسفۆڕ) لەبەر بکات، کە لە لایەن نوسینگەوە دابین دەکرێت و لۆگۆی نوسینگەی لەسەر چاپ دەکرێت و دەبێت لە لایەن ڕاهێنەر ڕەچاوی پاک و خاوێنی هێلەکەکان بکرێت.

١٨- دەبێت ئۆتۆمبێلی ڕاهێنانی جۆری B تۆمارکراو بێت لەسەر نوسینگە و لۆگۆی دەرگا و سەر سەقفی پێوە بێت.

١٩- دەبێت مامۆستا و ڕاهێنەر پابەند بێت بە کاتی دیاریکراو بۆ پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە.

٢٠- نەکێشانی جگەرە و هاوشێوەکانی، لە کاتی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەدا لەناو ئۆتۆمبێلی ڕاهێناندا.

٢١- ڕاهێنەر دەبێت لە فۆرمی فێرخواز سەرەتا و کۆتایی وانەکە تۆمار بکات. بەپێی پاشکۆی ژمارە (٩) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٢٢- نابێت ڕاهێنەر دووبارە بەشداری تاقیکردنەوەی پراکتیکی بە فێرخواز بکات، تا سەرجەم ئەو وانانەی کە لەلایەن ئەفسەری تاقیکردنەوە یان سیستەمی ئەلیکترۆنی بۆی دیاری کراوە وەرنەگرتبێت.

٢٣- فێرخوازی ئافرەت لەلایەن ڕاهێنەری ئافرەتەوە ڕاهێنانی پێ دەکرێت، مەگەر فێرخواز خۆی داوا بکات لەلای ڕاهێنەری پیاو ڕاهێنان بکات و دەبێت فێرخوازەکە، یان فێرخوازێکی تری ئافرەتی لەگەڵدا بێت، یان فێرخوازەکە کەسێکی خۆی لەگەڵدا بێت.

٢٤- نابێت منداڵی خوار تەمەن (١٣) سیازدە ساڵ لە کاتی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەدا لە ئۆتۆمبێلەکاندا هەبن.

٢٥- نابێت فێرخوازی ئافرەت لە کاتی شەوان، یان لە دەرەوەی ناوچەی نیشتەجێبوون بە تەنیا ڕاهێنانیان پێ بکرێت.

٢٦- ڕاهێنەر نابێت جامی ئۆتۆمبێلەکە ڕەش بکات، یان پەردەی و نوسین و ریکلامی پێدا هەڵبواسێت.

٢٧- نابێت هیچ کەسێک لە کاتی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەی پڕاکتیکی لە سەر کوشنی ناوەڕاستی دواوەی دابنیشێت.

٢٨- بۆ ڕاهێنانی پراکتیکی فێرخواز دەبێت لە نوسینگە ئامادە بێت و هەر لە نوسینگەش دادەبەزێت و نابێت ڕاهێنەر بچێت بە شوێن فێرخوازدا یان بیباتەوە.

٢٩- وانەکانی ڕاهێنان بەپێی ئەو پرۆگرام و میکانیزمە دەبێت کە لەم ڕێنماییە دیاری کراوە، نەک بە ویستی فێرخواز و ڕاهێنەر.

٣٠- ئەو مامۆستا و ڕاهێنەرانەی دەیانەوێت کارەکانیان ڕابگرن بە هەر پاساوێک، پێویستە کارتەکانیان بگەڕێننەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ پاشان بە نووسراوێک ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بکرێت بۆ ئەوەی سزا نەدرێت.

٣١- گشت پێبژاردنەکانی سەرپێچییەکانی هاتوچۆ، کە لەسەر ئۆتۆمبێلی نوسینگە تۆمار دەکرێت، دەکەوێتە سەر ئەستۆی ڕاهێنەر تەنانەت ئەگەر لەلایەن فێرخوازیشەوە ئەنجام بدرێت.

**دووەم: پابەندییەکانی بەڕێوەبەری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

١- دەبێت پابەندی میکانیزم و ماوەی وانە و پرۆگرام بن بۆ وانەکانی تیۆری و پراکتیکی و تاقیکردنەوە.

٢- هەڵواسینی ژمارەی تەلەفۆنی هۆبە، لە هۆڵی پێشوازی بۆ گەیاندنی سکاڵا لە لایەن فێرخوازەوە.

٣- بەڕێوەبەر پابەندە بە دابەشکردنی فێرخوازان بەسەر مامۆستا و ڕاهێنەران و ڕێگەنەدان بە مامەڵەکردن بە وانەکانی فێرخواز، بەوەی کە دەقنووس کراوە لە ماددەی (١٦) یەکەم خاڵی (٢) لەلایەن مامۆستا و ڕاهێنەر.

٤- دروستکردنی کارتی فێرخواز بۆ هەر مامۆستا و ڕاهێنەرێک بۆ یەک جۆر مۆڵەت دەبێت.

٥- نابێت کاتی خوێندنی وانەی تیۆری بگۆڕێت بەبێ ئاگاداری هۆبەی چاودێری.

٦- ئەرشیف کردنی پسوڵە و پەڕاوەکانی نوسینگە و مامۆستا و ڕاهێنەر و فێرخواز بۆ ماوەی (٢)دوو ساڵ.

٧- بەکار نەهێنانی بارەگای نوسینگە بۆ هەر چالاکییەک، جگە لەو چالاکییەی کە لەپێناوی دامەزراوە.

٨- ئۆتۆمبێلی تایبەت بە نوسینگە نابێت بۆ هیچ مەبەستێکی تر بەکار بهێنرێت، بەدەر لە فێرکردن و کاروباری تایبەت بە نوسینگە.

٩- وەرگرتنی هەر بڕە پارەیەک بە بیانووی چاپ و کەپس و مەلزەمە و سی دی ڕێگەپێنەدراوە.

١٠- نابێت هیچ کەسێکی بێ بڕوانامەی فێرکردن لە نوسینگە ئەرکی ڕاهێنەر و مامۆستا ببینێت.

١١- نابێت هیچ مامۆستا و ڕاهێنەرێک فێرخوازی پێبدرێت، کە ماوەی خولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنیان بەسەر چووە.

١٢- لە کاتی ونبوونی کارتی بەڕێوەبەر، دەبێت بە زووترین کات مامەڵەی ونبوونی (مفقودات) لە بەشی ونبوونەکان لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی پۆلیس ئەنجام بدات.

١٣- هەڵواسینی تابلۆیەکی تایبەت بە دیاریکردنی نرخی وانەکانی تیۆری و پراکتیکی بەپێی ماددەی (١٨) ئەم ڕێنماییە.

١٤- هەڵواسینی وێنەیەکی بڕگەکانی ئەم ڕێنماییە، کە تایبەتە بە ستافی نوسینگە و فێرخواز.

١٥- هەڵواسینی کارتی تایبەت بە بەڕێوەبەر.

**سێیەم: پابەندییەکانی کارمەندی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

١- ئامادەبوونی لە دەوامی فەرمی نوسینگە بەپێی ئەم کاتە دیاریکراوانەی خوارەوە دەبێت:

أ- بەیانیان لە کاتژمێر (٨:٠٠) هەشتی بەیانی بۆ کاتژمێر (١٢:٠٠) دوازدەی نیوەڕۆ.

ب- لە وەرزی هاوین پاش نیوەڕۆ لە کاتژمێر (٢:٠٠) دوو بۆ کاتژمێر (٦:٠٠) شەشی ئێوارە.

ج- لە وەرزەکانی دیکە پاش نیوەڕۆ لە کاتژمێر (١:٠٠) یەک بۆ کاتژمێر (٥:٠٠) پێنجی ئێوارە.

٢- پاک و خاوین ڕاگرتنی نوسینگە.

٣- هەڵواسینی کارتی تایبەت بە کارمەند.

**چوارەم: پابەندییەکانی فێرخواز**

١- دەبێت لە کاتی خوێندنی وانەکانی تیۆری و پراکتیکی و تاقیکردنەوەکان کارت هەڵبواسێت.

٢- لە کاتی ونبوونی کارتی فێرخواز دەبێت فێرخواز لەلایەن هۆبەوە مامەڵەی دروستکردنەوەی دەست پێ بکات.

٣- لە کاتی بوونی هەر کێشەیەک لەنێوان فێرخواز و ستافی نوسینگە فێرکردنی شوفێری، فێرخواز دەبێت بەڕێوەبەری نوسینگەی لێ ئاگادار بکاتەوە، ئەگەر کێشەکەی چارەسەر نەبوو، هۆبەی لێ ئاگادار بکاتەوە.

٤- فێرخواز ئازادە لە هەڵبژاردنی نوسینگە یان گۆڕینی نوسینگە گۆڕینی ڕاهێنەر.

٥- فێرخواز نابێت لە کاتی وەرگرتنی وانەکانی تیۆری و پراکتیکی مۆبایل بەکار بهێنێت.

٦- لە کاتی ڕاهێنانی پراکتیکی فێرخواز دەبێت (هێلەک) ی درەوشاوە (فسفۆڕ) لەبەر بکات.

٧- هەر فێرخوازێک لە پاش (١٠) دە خولەک دوای دەستپێکی وانەی تیۆری و پڕاکتیکی ئامادە نەبێت بە ئامادە نەبوو (غائب) هەژمار دەکرێت و ڕاهێنانی پێ ئەنجام نادرێت کاتێکی نوێی بۆ دیاری دەکرێت لە لایەن ڕاهێنەرەکەیەوە.

٨- فێرخواز دەبێت ئامادە بێت لەو کاتەی کە بۆ ڕاهێنانی پراکتیکی بۆی دیاری کراوە، بە پێچەوانەوە بۆ گرووپی دواتر دوادەخرێت.

٩- لە کاتی دووبارەبوونەوەی ئامادەنەبوونی لە ڕاهێنانی پراکتیکی هۆبەی لێ ئاگادار دەکرێتەوە و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرێت.

١٠- بۆ ڕاهێنانی پراکتیکی بەدەر لە مۆڵەتی جۆری (A - T) فێرخواز دەبێت لە نوسینگە ئامادە بێت و هەر لە نوسینگەش دادەبەزێت و نابێت ڕاهێنەر بچێت بە شوێن فێرخوازدا یان بیباتەوە.

١١- هەر فێرخوازێک کارێکی نەشیاو ئەنجام بدات بەرامبەر بە فێرخوازێکی تر، یان ئەفسەر و پۆلیس و کارمەندانی هاتوچۆ، یان ستافی نوسینگە، یان گزی (غەش) ئەنجام بدات، کارەکانی بۆ ماوەی شەش مانگ ڕادەگیرێت.

١٢- نەکێشانی جگەرە و هاوشێوەکانی لە کاتی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەدا لە ناو ئۆتۆمبێلی ڕاهێناندا.

١٣- هەر فێرخوازێک لە سێ وانە زیاتر ئامادەنەبوونی لە وانەکانی تیۆری هەبێت، ناتوانێت بەشداری تاقیکردنەوەی تیۆری بکات، دەبێت ئەو چەند وانەیە کە نەیخوێندوە لە خولەکانی دواتر وەربگرێتەوە.

١٤- فێرخواز تا سەرجەم وانەکانی پراکتیکی وەرنەگرتبێت، ناتوانێت بەشداری تاقیکردنەوە پراکتیکی بکات.

١٥- هەر فێرخوازێک لە لیژنەی پزیشکی لە پشکنینی بە چاویلکەوە دەرچووبێت، دەبێت بۆ خوێندنی وانەکانی و تاقیکردنەوەکان چاویلکە بەکار بهێنێت.

**پێنجەم: پابەندبوون بە میکانیزمی کاری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

١- تەنیا بەڕێوەبەر و کارمەندی نوسینگە کارەکانی کارگێری نوسینگە ڕادەپەڕێنن.

٢- پسوولەی وەرگرتنی پارە، تەنیا لەلایەن بەڕێوەبەر ئەنجام دەدرێت، یان کارمەندێک، کە لەلایەن بەڕێوەبەر ڕاسپێردرا بێت.

٣- هەر کاتێک ناوی (١٠) دە فێرخواز تۆمار کرا، نوسینگە دەتوانێت خولی تیۆری بکاتەوە نابێت هەر پۆلێک لە (٣٠) سی فێرخواز زیاتری تێدابێت.

٤- بەڕێوەبەر دەبێت بە یەکسانی وانەکانی تیۆری و پراکتیکی بەسەر مامۆستا و ڕاهێنەر دابەش بکات، بەپێی دەقنووسکراو کە لە مادەی (١٣) بڕگەی (١) یەک خاڵەکانی (٢-٦-٢٢-٢٨) و بڕگەی (٢) دوو خاڵی (١٠) هاتووە.

٥- هەر کێشەیەک چارەسەری نەبوو بەپێی ئەم ڕێنماییە،دەکرێت دادگای تایبەتمەند تێڕوانینی بۆ بکات

٦- لە کاتی پەککەوتنی ئۆتۆمبێلی نوسینگە، دەتوانرێت ئۆتۆمبێلی نوسینگەیکی تر بەکار بهێنێت بۆ ماوەیەکی دیاریکراو بە ئاگاداری هۆبە.

٧- بۆ گواستنەوەی مامۆستا و ڕاهێنەر لە نوسینگەیەکەوە بۆ نوسینگەیەکی دیکە، پێویستی بە ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و ئاگادارکردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی هەیە، بە مەرجێک دەبێت تەنها لە یەک نوسینگە کار بکات.

**ئەرکی هۆبەی چاودێری**

**مادده (١٤):**

١- دەبێت ئەفسەری چاودێری، لە کاتی وانە و وتنەوەی تیۆری و پراکتیکی هەستێت بە چاودێریکردنی پابەندییەکانی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری و مامۆستا و ڕاهێنەر و فێرخواز بە پرۆگرام، میکانیزمەکانی هاتوو لەم ڕێنماییە، ماوەی وانەکان، ئۆتۆمبێلەکانی نوسینگە، پەڕاوەکانی نوسینگە.

٢- سەردانیکردنی ئاسایی و لەناکاو بۆ پشکنینی لیستی ئامادەبووان و پڕکردنەوەی فۆرمی هەڵسەنگاندنی وانەبێژی نوسینگە لە ماوەیەک کە لە (١٥) پازدە خولەک زیاتر نەبێت. بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٦) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٣- ئەفسەری چاودێری بۆ سەرەتای هەموو خولێک، لیستی ماف و ئەرکی فێرخواز و مامۆستا و ڕاهێنەر بۆ فێرخوازانی نوسینگە دەخوێنێتەوە.بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٧) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٤- لە کاتی ڕاهێنانی پراکتیکیدا بەدواداچوون بۆ ئۆتۆمبێل و پێناسی ڕاهێنەر و کارتی فێرخواز و فۆرمی ڕاهێنانی نوسینگە دەکرێت، لە ماوەیەک لە (١٠) دە خولەک زیاتر نەبێت. بەپێی پاشکۆی ژمارە (١٨) کە هاوپێچی ئەم ڕێنماییەیە.

٥- لە کاتی تاقیکردنەوەی پڕاکتیکی فێرخواز، یان لەکاتی سەردانیکردنی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، یان لە ڕێگەی تەلەفۆن، هۆبە بەدواداچوون دەکات بۆ زانینی ناوی ئەو ڕاهێنەرەی، کە ڕاهێنانی بەو فێرخوازە کردووە.

٦- ئامادەکردنی خشتەیەک بۆ دەستپێکردنی خولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی مامۆستا و ڕاهێنەر، کە ناوەندی پێگەیاندن ڕۆژ و کاتەکەی دیاری دەکات.

٧- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ساڵانە بە کار و چالاکییەکانی هۆبە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٨- پێشکەشکردنی هەر تێبینییەک، یان پێشنیارێکی تایبەت بە چالاکی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٩- دەبێت مانگانە کۆپییەکی فۆرمی هەڵسەنگاندنی مامۆستای وانەی تیۆری لە ڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بۆ ناوەندی پێگەیاندن و پەرەپێدان بنێرێت.

١٠- ئەگەر لە نوسینگەیەکی فێرکردنی شوفێری دەرئەنجامی خراپی ڕێژەی دەرچوون بۆ سێ خولی دوای یەکتر بەردەوام بوو، ئەوا بە ڕاپۆرتێک لەلایەن هۆبەی چاودێری بەرز دەکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتی گشتی لە ڕێگەی خۆیانەوە ئاراستەی ناوەندی پێگەیاندن و پەرەپێدان دەکرێت، بە مەبەستی پێداچوونەوە بە ئاستی توانستی مامۆستا و ڕاهێنەر و دیاریکردنی کەم و کورییەکان و چارەسەرکردنیان.

١١- سەرپێچی کردنی ئەم ڕێنماییە لە لایەن مامۆستا و ڕاهێنەرەوە، خۆیان بەرپرسیار دەبن نەک نوسینگەکانیان.

١٢- هۆبە بەرپرسە لە جێبەجێکردنی تەواوی ئەو مادده و بڕگە و خاڵانەی، کە لەم ڕێنماییەدا هاتووە و تایبەتە بە کارەکانیان.

١٣- ئەفسەرانی تاقیکردنەوە لە کاتی تاقیکردنەوە بە هەمان شێوەی ئەفسەرانی هۆبە، چاودێری نوسینگەی فێرکردنی شوفێری و ئۆتۆمبێل و فێرخواز دەکەن.

١٤- لیژنەکانی چاودێری، کە لە هۆبە پێک دەهێنرێت ساڵانە دەبێت بگۆڕێن و بەڕێوەبەرایەتی گشتی لێ ئاگادار بکرێتەوە.

١٥- لیژنەیەک لە بەشی پلان و بەدواداچوون لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پێک دەهێنرێت، بۆ لێپرسینەوە و چاودێریکردنی وردی لیژنە و هۆبەکانی چاودێری لە پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆکان.

**بنەما گشتیەکان**

**مادده (١٥):**

١- کار بە هیچ پرۆگرام و پەرتووک و نامیلکە و پۆستەر و سی دی و سلایدێکی تر ناکرێت لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، بەدەر لە (ڕێبەری هاتوچۆ بۆ سەرجەم جۆرەکانی مۆڵەت)ی پەسەند کراو لەلایەن وەزارەتی ناوخۆ.

٢- بە هیچ شێوەیەک نابێت بەڕێوەبەرایەتیەکانی هاتوچۆ و نوسینگە و مامۆستا و ڕاهێنەر و فێرخواز گۆڕانکاری لە پرۆگرام و میکانیزم بکات، کە لەم ڕێنماییە دیاریکراوە.

٣- هەرکەسێک کە داواکارە ببێتە خاوەنی مۆڵەتی شوفێری، مەرجە وانەکانی تیۆری و پراکتیکی لە ڕێگەی ناوەند یان نوسینگەیەک ببینێت بەم میکانیزمەی، کە دانراوە، لە هەر ئاستی خوێندەواری وتوانا و شارەزاییەکدا بێت، خوێندەوار بێت، یان نەخوێندەوار.

٤- لە ئەگەری دروستبوونی ڕووداوی هاتوچۆ، لە کاتی ڕاهێنان بە فێرخواز، لە دوای هێڵکاری دەرکەوت ئۆتۆمبێلی نوسینگە خەتابارە سەرجەم ڕێکارە یاسایی و داراییەکان دەکەوێتە ئەستۆی ڕاهێنەر.

٥- هیچ کەسێک بۆی نییە ڕاهێنان بە کەسێک بکات، ئەگەر ئەو کەسە ڕاهێنەری مۆڵەت پێدراو نەبێت وخولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانەی نەبینیبێت، سەرپێچیکار بەپێی ماددەی (٢١) بیست و یەک لە یاسای هاتووچۆی ژمارە (٨٦)ی ساڵی ٢٠٠٤ مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

٦- هیچ ڕاهێنەرێک بۆی نییە، ڕاهێنان بە فێرخواز لەسەر ئۆتۆمبێلێک بکات، کە لەسەر نوسینگەی دیاریکراوی خۆی تۆمار نەکرابێت.

٧- هیچ ڕاهێنەرێک بۆی نییە، ڕاهێنان بە کەسێک بکات ئەگەر فێرخوازی سەر بە نوسینگەی دیاریکراوی خۆی نەبێت.

٨- هەموو جۆرەکانی ئۆتۆمبێلێکی ناوەند و نوسینگەکان لە کاتی ڕاهێنان و تاقیکردنەوەکاندا دەکرێت شەقامەکانی ناوچەی نشتەجێبوون بەکار بهێنن، بە مەرجێک دووربن لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان لەکاتی دەوامدا.

٩- هەرکەسێک بە مەبەستی فێربوون و پەرەدان بە تواناکانی لە بواری هاتوچۆ دەتوانیت پەیوەندی بە ناوەند یان نوسینگەوە بکات بە مەرجێک تەمەنی یاسایی بۆ ئەو جۆرە ئۆتۆمبێلە ڕێگەپێدراو بێت.

١٠- نابێت ئەفسەر و پۆلیس و کارمەندانی هاتوچۆ لە نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری، وەک خاوەن و بەڕێوەبەر و کارمەند و مامۆستا و ڕاهێنەر کار بکەن سەرجەم وانەکانی تیۆری و پراکتیکی لەلایەن مامۆستا و ڕاهێنەرەوە دەوترێتەوە بە وانەی یاسای هاتوچۆشەوە.

## ئەحکامە داراییەکان

**ماددەی (١٦):**

**یەکەم: ڕسومات (میرانە)**

١- وەرگرتنی بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار لە بڕی پێدانی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری.

٢- وەرگرتنی بڕی (٢،٠٠٠،٠٠٠) دوو ملیۆن دینار لە بڕی پێدانی مۆڵەتی ناوەندی پێگەیاندن و فێرکردنی شوفێری.

٣- وەرگرتنی بڕی (٥٠٠،٠٠٠) پێنج سەد هەزار دینار، لە بڕی نوێکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری.

٤- وەرگرتنی بڕی (١،٠٠٠،٠٠٠) یەک ملیۆن دینار، لە بڕی نوێکردنەوەی مۆڵەتی ناوەندی پێگەیاندن و فێرکردنی شوفێری.

٥- وەرگرتنی بڕی (٢٠،٠٠٠) بیست هەزار دینار، لە بڕی دروستکردن و نوێکردنەوەی ساڵانەی ناسنامەی بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەری نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری وەک کرێی کارگێری.

**دووەم: پێبژاردن**

١- لە کاتی پابەند نەبوونی نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری بە یەکێک لە مادده و بڕگە و خاڵەکانی ئەم ڕێنماییە، سزا دەدرێت بە پێبژاردنێک بە بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار.

٢- لە کاتی ئەنجامدانی هەر سەرپێچییەکی ئەم ڕێنماییە لە لایەن مامۆستا و ڕاهێنەر، سزا دەدرێت بە پێبژاردنێک بە بڕی (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار.

٣- لە کاتی نوێنەکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی، سزا دەدرێت بە پێبژاردنێک بە بڕی (١٥٠،٠٠٠) سەد و پەنجا هەزار دینار بۆ هەر مانگێک.

٤- لە کاتی نوێنەکردنەوەی ساڵانەی ناسنامەی بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەر، لە ڕێکەوتی بەسەرچوونی ناسنامەکەی، سزا دەدرێت بە پێبژاردنێک بە بڕی (٥٠،٠٠٠) پەنجا هەزار دینار بۆ هەر مانگێک.

٥- لە کاتی ئەنجامدانی سەرپێچی لەلایەن ناوەندی پێگەیاندن و پەرەپێدان، کە لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیاری دەکات، بە بڕی (٢٥٠،٠٠٠) دوو سەد و پەنجا هەزار دینار سزا دەدرێت.

**سێیەم:** ئەو ڕسومات و پێبژاردنانەی، کە لەم ماددەیە دیاریکراون، وەردەگیرێت لەلایەن ژمێریاری وەزارەت و دەخرێتە سەر داهاتی هاتوچۆ، بەگوێرەی یاسا و ڕێنمایی بەرکار بڕێک بۆ پەرەپێدانی هاتوچۆ تەرخان دەکرێت و بڕێک دەبێتە داهاتی کۆتایی بۆ گەنجینەی گشتی حکومەتی هەرێم.

## ئەحکامە کۆتاییەکان

**ماددەی (١٧):**

**یەکەم: مۆڵەتی نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری لەم بارانەی خوارەوە هەڵدەوەشێتەوە:**

١- لەسەر داواکاری خاوەنی مۆڵەت.

٢- کڕین و فرۆشتن بە مۆڵەتی نوسینگەوە بکرێت، بەبێ ڕەزامەندی وەزارەت.

٣- لە کاتی نوێنەکردنەوەی مۆڵەت بۆ ماوەی (٩٠) نەوەد ڕۆژ لە دوای ڕێکەوتی بەسەرچوونی مۆڵەتەکەی.

٤- پێدانی پشتگیری نادروست بە فێرخواز، کە خولی تیۆری و پراکتیکی بینیوە، بە بەرامبەر یان بێ بەرامبەر.

٥- سەرپێچیکردنی ئەم ڕێنماییە لە لایەن نوسینگەی فێرکردنی شوفێری لە (٣) سێ جار زیاتر لە ساڵێکدا، بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٦- لە کاتی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی ساختە.

**دووەم: بڕوانامەی مامۆستا و ڕاهێنەر لەم حاڵەتانەی خوارەوە هەڵدەوەشێتەوە:**

١- پڕکردنەوەی فۆرمی نادروست بە فێرخواز، کە خولی تیۆری و پراکتیکی بینیوە، بە بەرامبەر یان بێ بەرامبەر.

٢- ئەنجامدانی تاوان، کە لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی بەڵگەکانی تاوان بسەلمێنرێت، بە کەتنێکی ئابڕووبەر سزا دراوە.

٣- سەرپێچیکردنی ئەم ڕێنماییە لەلایەن مامۆستا و ڕاهێنەرەوە لە (٣) سێ جار زیاتر لە ساڵێکدا، بەپێی ڕاپۆرتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی .

٤- دەرنەچوون لە خولەکانی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە بۆ سێ خول دوابەداوی یەک.

٥- لە کاتی پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی ساختە.

**سێیەم:** لە کاتی کۆچی دواییکردنی خاوەنی مۆڵەت، دەکرێت خاوەنداریتی ناوەندی پێگەیاندن و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری بگوازرێتەوە بۆ میراتگرەکەی بەپێی دابەشنامەی شەرعی و بە ڕەزامەندی وەزارەت.

**ماددەی (١٨):**

١- لە دوای (٣٠) ڕۆژ لە بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە، هیچ هاوڵاتییەک بەشداری تاقیکردنەوەی تیۆری و پراکتیکی پێناکرێت تا لە لایەن ناوەند یان نوسینگەیەکی فێرکردنی شوفێریەوە پشتگیری نەکرێت، کە سەرجەم وانەکانی تیۆری و پراکتیکی وەرگرتووە.

٢- لە دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ڕێنماییە، دەبێت ناوەند و گشت نوسینگەکان، لە ماوەی (٣٠) سی ڕۆژدا خۆیان لەگەڵ ئەم ڕێنماییە بگونجێنن.

٣- دەبێت گشت مامۆستا و ڕاهێنەران بەشداربن لە خولی پەرەپێدان لە پرۆگرام و سیستەمی نوێ بەپێی جۆری بڕوانامەی خوێندن و بڕوانامەی مامۆستا و ڕاهێنەرییان، بە ئامادەکردنی خشتەیەک لەلایەن هۆبەکانی چاودێری بەمەبەستی دەستپێکردنی خولی پەرەپێدان و هەڵسەنگاندنی ساڵانە، کە بەهەماهەنگی لەگەڵ ناوەند ڕۆژ و کاتەکەی دیاری دەکرێت.

٤- لەدوای دەرچوونی ئەم ڕێنماییە کار بە هیچ فەرمان و ڕێنمایی و بەیان و نووسراوێک ناکرێت، کە تایبەتمەند بێت بە کاروباری ناوەند و نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری و هەڵوەشاندنەوە و کارنەکردن بە ڕێنمایی ڕێکخستنی کاری نوسینگەکانی فێرکردنی شوفێری ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢١، و هەموارەکانی .

٥- ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) بڵاو دەکرێتەوە

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

پاشکۆی ژمارە (١)

بۆ وەزارەتی ناوخۆ/ بەڕێوەبەرایەتی گشتیی دیوان/
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنییەکان و مۆڵەت پێدان
لەڕێگەی بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم

**بابەت / داواکاری پێدانی مۆڵەتی نوسینگە**

من کە لە خوارەوە ناوم نووسراوە داواکارم لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە پێدانی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری بە ناوی نوسینگەی (          ) لە پارێزگای (          ) لە گەڕەکی (          )، ئامادەم سەرجەم مەرجەکانی ناو ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٢٤) وەزارەتی ناوخۆ جێبەجێ بکەم.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ:
١- پڕکردنەوەی لیستی پاشکۆی ژمارە (٢)
٢- کۆپی کارتی زانیاری.
٣- دوو وێنەی سەرجەم ستاف.
٤- کۆپی ساڵیانەی ئۆتۆمبێلەکان.
٥- مەرجی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێلەکان (هەزە)
٦- نوسراوی پشتگیری بایۆمێتری سەرجەم ستاف، کە فەرمانبەر نین.
٧- کۆپی کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
٨- کۆپی بڕوانامەی دەرچوونی مامۆستا و ڕاهێنەرەکان لە خولی پێگەیاندن و پەرەپێدانی ساڵانە.

واژۆی داواکار:
ناوی سیانی:
ڕێکەوت:
ژمارەی مۆبایل:

پاشکۆی ژمارە (٢-أ)

**بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی......................**
**بەشی مۆڵەت/ هۆبەی چاودێری**

**بابەت: لیستی ناو و ستافی نوسینگە و هاوپێچ لەگەڵ بەڵگەنامەکانیان**

| ژ | ستافی نوسینگە | ناوی سیانی | ژمارەی مۆبایل | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەر | | | |
| ٢ | کارمەند | | | |
| ٣ | کارمەند | | | |

پاشکۆی ژمارە(٢-ب)

| ژ | ستافی نووسینگە | ناوی سیانی | جۆری بروانامەی مامۆستا و ڕاهێنەر | ئاست | ژمارەی مۆبایل | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ٥ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ٦ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ٧ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ٨ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ٩ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ١٠ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ١١ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ١٢ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ١٣ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ١٤ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |
| ١٥ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | | |

پاشکۆی ژمارە (٢-ج)

| ژ | جۆری ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل | مۆدیلی ئۆتۆمبێل | ڕەنگی ئۆتۆمبێل | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | |
| ٢ | | | | | |
| ٣ | | | | | |
| ٤ | | | | | |

واژۆی داواکار:
ناوی سیانی:
ڕێکەوت:

پاشکۆی ژمارە (٣)

## کۆنووسی پشکنین بۆ دامەزراندنی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری

ئاماژە بە فەرمانی کارگێڕی بەڕێوەبەرایەتیمان/ بەڕێوەبەرایەتی (                ) بەشی کارگێڕی و خۆیەتی/ هۆبەی کارگێڕی ئەفسەران/ ژمارە (      ) لە  /  / ٢٠٢٤ ئێمە وەک سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی پشکنینی بارەگای نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، گشت بەڵگەکانی تایبەت بە ستافی نوسینگەکەمان وردبینیکرد و پاش ئەوەی هەستاین، بە پشکنینی نوسینگەی (                ) لە پارێزگای (                ) لە گەڕەکی(                )لە ڕێکەوتی (  /  /٢٠٢٤ ) بۆ مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، دڵنیابووین لە گونجانی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١٢) ی ساڵی ( ٢٠٢٤) وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ئەم سێ خشتەیەی خوارەوە کۆنوسەکەمان پەسەند کرد.

| ژ | مەرجەکانی بارەگای نوسینگە | بەڵێ | نەخێر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەر | | | |
| ٢ | هۆڵی وانەوتنەوە | | | |
| ٣ | ژووری پێشوازی و تۆمارکردن | | | |
| ٤ | هەڵواسینی تابلۆی زانیاری | | | |
| ٥ | کامێرای چاودێری سەرجەم ژوورەکان | | | |
| ٦ | ئامێری ئاگادارکردنەوە و ئاگرکوژێنەوە | | | |
| ٧ | دوو توالێت | | | |

| ژ | ستافی نوسینگە | ناوی سیانی | ژمارەی مۆبایل | جۆری بڕوانامەی مامۆستا و ڕاهێنەر | ژ.ن. بایۆمێتری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەر | | | - | |
| ٢ | کارمەند | | | - | |
| ٣ | کارمەند | | | - | |
| ٤ | مامۆستاو ڕاهێنەر | | | | |
| ٥ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | |
| ٦ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | |
| ٧ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | |

| ژ | جۆری ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل | مۆدیلی ئۆتۆمبێل | ڕەنگی ئۆتۆمبێل | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | |
| ٢ | | | | | |
| ٣ | | | | | |
| ٤ | | | | | |

ئەندام ‌ ‌ ‌ ‌ ئەندام ‌ ‌ ‌ ‌ سەرۆکی لیژنە

پاشکۆی ژمارە (٤)

**بۆ بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی ......................**

بەشی مۆڵەت / هۆبەی چاودێری

**بابەت** / نوێکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی

**من کە لە خوارەوە ناوم نوسراوە، داواکارم لە بەڕێزتان ڕەزامەندی بفەرموون بە نوێکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەکەمان بەناوی نوسینگەی ( ) لە پارێزگای ( ) لە گەڕەکی ( ) سەرجەم مەرجەکانی ناو ڕێنمایی ژمارە (١٢)ی ساڵی (٢٠٢٤) وەزارەتی ناوخۆمان جێبەجێکردوە.**

**لەگەڵ ڕێزدا...**

هاوپێچ:

١- پڕکردنەوەی لیستی پاشکۆی ژمارە (٢)
٢- کۆپی کارتی زانیاری.
٣- دوو وێنەی سەرجەم ستاف.
٤- کۆپی ساڵیانەی ئۆتۆمبێلەکان.
٥- مەرجی توندوتۆڵی ئۆتۆمبێلەکان (هەزە).
٦- ئەستۆپاکی باجی دەرامەت پاکانە بۆ نوسینگە.
٧- نوسراوی پشتگیری بایۆمێتری سەرجەم ستاف، کە فەرمانبەر نین.
٨- کۆپی کارتی نیشتمانی، یان ناسنامەی باری کەسی و ڕەگەزنامەی عێراقی.
٩- کۆپی بڕوانامەی دەرچوونی مامۆستا و ڕاهێنەرەکان لە خولی پەرەپێدانی ساڵانە.

واژۆی داواکار:

ناوی سیانی:

ڕێکەوت:

ژمارەی مۆبایل:

پاشکۆی ژمارە (٥)

## کۆنوسی پشکنینی نوێکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری

ئاماژە بە فەرمانی کارگێری بەڕێوەبەرایەتیمان/ بەڕێوەبەرایەتی (                ) بەشی کارگێری و خۆیەتی/ هۆبەی کارگێری ئەفسەران/ ژمارە (      ) لە  /  / ٢٠٢٤ ئێمە وەک سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی پشکنینی بارەگای نوسینگەی فێرکردنی شوفێری گشت بەڵگەکانی تایبەت بە ستافی نوسینگەکەمان وردبینیکرد و پاش ئەوەی هەستاین، بە پشکنینی نوسینگەی (                ) لە پارێزگای (                ) لە گەڕەکی(                )لە ڕێکەوتی (  /  /٢٠٢٤ ) بۆ مەبەستی نوێکردنەوەی مۆڵەتی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری، دڵنیابووین لە گونجانی و جێبەجێکردنی ڕێنمایی ژمارە (١٢) ی ساڵی ( ٢٠٢٤) وەزارەتی ناوخۆ بەپێی ئەم سێ خشتەیەی خوارەوە کۆنوسەکەمان پەسەند کرد.

| ژ | مەرجەکانی بارەگای نوسینگە | بەڵێ | نەخێر | تێبینی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | ژووری بەڕێوەبەر و مامۆستا و ڕاهێنەر | | | |
| ٢ | هۆڵی وانەوتنەوە | | | |
| ٣ | ژووری پێشوازی و تۆمارکردن | | | |
| ٤ | هەڵواسینی تابلۆی زانیاری | | | |
| ٥ | کامێرای چاودێری سەرجەم ژوورەکان | | | |
| ٦ | ئامێری ئاگادارکردنەوەو ئاگرکوژێنەوە | | | |
| ٧ | دوو توالێت | | | |


| ژ | ستافی نوسینگە | ناوی سیانی | ژمارەی مۆبایل | جۆری بڕوانامەی مامۆستا و ڕاهێنەر | ژ.ن. بایۆمێتری |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | بەڕێوەبەر | | | - | |
| ٢ | کارمەند | | | - | |
| ٣ | کارمەند | | | - | |
| ٤ | مامۆستاو ڕاهێنەر | | | | |
| ٥ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | |
| ٦ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | |
| ٧ | مامۆستا و ڕاهێنەر | | | | |

| ژ | جۆری ئۆتۆمبێل | ژمارەی ئۆتۆمبێل | مۆدیلی ئۆتۆمبێل | ڕەنگی ئۆتۆمبێل | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | |
| ٢ | | | | | |
| ٣ | | | | | |
| ٤ | | | | | |

ئەندام          ئەندام          سەرۆکی لیژنە

پاشکۆی ژمارە (٦)

## گۆڕەپانی ماتۆڕسکیل



پاشکۆی ژمارە (٧)

هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتیی هاتوچۆ
**بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای**
**بەشی مۆڵەت**
**نوسینگەی فێرکردنی شوفێری(  )**
**زانیاری کەسی فێرخواز**



| | |
|---|---|
| ناوی فێرخواز | |
| ناوی دایکی فێرخواز | |
| ساڵی لەدایکبوون | |
| ناونیشان | |
| ژمارەی مۆبایل | |
| ڕێکەوتی پەیوەندیکردن | |
| ڕێکەوتی پشکنینی تەندروستی | |


بەڕێوبەری نوسینگە

www.........krd

• ناونیشان : پارێزگا • گەڕەک • مۆبایل: ٠٠٠٠ ٠٠٠ ٠٧٥٠

پاشکۆی ژمارە (٨)

• نوسینگەی :
• جۆری خول:
• ناوی مامۆستای وانەبێژ



• ڕۆژی دەستپێکردنی خول: (  /  / ٢٠)  • ڕۆژی کۆتاییهاتنی خول: (  /  / ٢٠)
• کاتی دەستپێکردنی خول کاتژمێر (  :  )  • کاتی کۆتاییهاتنی خول کاتژمێر(  :  )

| ژ | ناوی فێرخواز | ڕۆژی ١ | ڕۆژی ٢ | ڕۆژی ٣ | ڕۆژی ٤ | ڕۆژی ٥ | ڕۆژی ٦ | ڕۆژی ٧ |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ١ | | | | | | | | |
| ٢ | | | | | | | | |
| ٣ | | | | | | | | |
| ٤ | | | | | | | | |
| ٥ | | | | | | | | |
| ٦ | | | | | | | | |
| ٧ | | | | | | | | |
| ٨ | | | | | | | | |
| ٩ | | | | | | | | |
| ١٠ | | | | | | | | |
| ١١ | | | | | | | | |
| ١٢ | | | | | | | | |
| ١٣ | | | | | | | | |
| ١٤ | | | | | | | | |
| ١٥ | | | | | | | | |
| ١٦ | | | | | | | | |
| ١٧ | | | | | | | | |
| ١٨ | | | | | | | | |
| ١٩ | | | | | | | | |
| ٢٠ | | | | | | | | |

• ڕێکەوتی سەردانی کردنی ئەفسەری هۆبەی چاودێری

| | | | |
|---|---|---|---|
| کاتژمێر:  :  ٢٠ / / | کاتژمێر:  :  ٢٠ / / | کاتژمێر:  :  ٢٠ / / | کاتژمێر:  :  ٢٠ / / |

• کۆی گشتیی بەشداربووانی خولی تیۆری (  )

واژۆی

بەڕێوەبەری نوسینگە

پاشکۆی ژمارە (٩-أ)

## فۆرمی تایبەت بە فێرخواز لە نوسینگەی فێرکردنی شوفێری



ژمارەی کارت: ٠٠٠٠٠٠

- نوسینگەی :
- جۆری مۆڵەت:
- ناوی مامۆستای وانەبێژ

خشتەی وانەکانی تیۆری

- کاتی دەستپێکردنی خولی تیۆری کاتژمێر (   :   ) • کاتی کـۆتایی هاتنی خول کاتژمێر(   :   )
- ڕۆژی دەستپێکردنی خولی تیۆری: (   /   /٢٠٢٤) • ڕۆژی کـۆتایی هاتنی خول: (   /   /٢٠٢٤)



- پسولەی ژمارە:

| ڕۆژ | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| واژۆی فێرخواز | | | | | | | | | | |

ڕێکەوتی دەرچوون لە تاقیکردنەوەی تیۆری:   /   /   ٢٠

پاشکۆی ژمارە(٩-ب)

خشتەی ڕاهێنانی پراکتیکی

- ناوی ڕاهێنەر :
- ژمارەی ئۆتۆمبێلی ڕاهێنان:



- پسولەی ژمارە:

| ڕۆژ | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / | شەممە ٢٠ / / |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| واژۆی فێرخواز | | | | | | | | | | | | |
| واژۆی ڕاهێنەر | | | | | | | | | | | | |

پاشکۆی ژمارە (٩-ج)



خشتەی تاقیکردنەوەی پراکتیکی

| ژ | ڕێکەوتی تاقیکردنەوی پراکتیکی | ئەفسەری تاقیکردنەوە | ئەنجام | وانەی دیاریکراو | تێبینی |
|---|---|---|---|---|---|
| ١ | ٢٠ / / | | | | |
| ٢ | ٢٠ / / | | | | |
| ٣ | ٢٠ / / | | | | |
| ٤ | ٢٠ / / | | | | |
| ٥ | ٢٠ / / | | | | |
| ٦ | ٢٠ / / | | | | |

پاشکۆی ژمارە (١٠)

## پسوڵە

نوسینگەی فێرکردنی شوفێری (                    )

## DRIVING SCHOOL




ناوی فێرخواز | ڕێکەوت   ٢٠ / /

| دینار | وانە | ڕوونکردنەوە |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| کۆی گشتی | | |

بەڕێوەبەری نوسینگە

www..........krd

• ناونیشان • پارێزگا • گەڕەک • مۆبایل: ٠٠٠٠ ٠٠٠ ٠٧٥٠

پاشکۆی ژمارە (١١)

## تۆماری کارکردنی ڕۆژانەی مامۆستا و ڕاهێنەر

ناوی مامۆستا و ڕاهێنەر(                )
بۆ جۆری مۆڵەتی (        )
ژمارە کارتی مامۆستا و ڕاهێنەری (        )
ڕێکەوتی بەسەرچوونی کارتی مامۆستا و ڕاهێنەری    /    /  ٢٠

پێشکەشکردنی وانەکانی تیۆری    ڕێکەوتی:   /   /  ٢٠   ڕۆژی (              )


| | | | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ٨:٠٠ | ٩:٠٠ | ١٠:٠٠ | ١١:٠٠ | ١٢:٠٠ | ١:٠٠ | ٢:٠٠ | ٣:٠٠ | ٤:٠٠ | ٥:٠٠ | ٦:٠٠ |
| ٨:٤٥ | ٩:٤٥ | ١٠:٤٥ | ١١:٤٥ | ١٢:٤٥ | ١:٤٥ | ٢:٤٥ | ٣:٤٥ | ٤:٤٥ | ٥:٤٥ | ٦:٤٥ |

پێشکەشکردنی وانەکانی تیۆری    ڕێکەوتی:   /   /  ٢٠   ڕۆژی (              )

| ☒ | کاتی دەستپێکردن | کاتی کۆتاییهاتن | ناوی فێرخواز | جۆری مۆڵەت | ژمارەی مۆبایل | جۆری وانە |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ٧:٠٠ | ٨:٠٠ | | | | |
| | ٨:٠٠ | ٩:٠٠ | | | | |
| | ٩:٠٠ | ١٠:٠٠ | | | | |
| | ١٠:٠٠ | ١١:٠٠ | | | | |
| | ١١:٠٠ | ١٢:٠٠ | | | | |
| | ١٢:٠٠ | ١:٠٠ | | | | |
| | ١:٠٠ | ٢:٠٠ | | | | |
| | ٢:٠٠ | ٣:٠٠ | | | | |
| | ٣:٠٠ | ٤:٠٠ | | | | |
| | ٤:٠٠ | ٥:٠٠ | | | | |
| | ٥:٠٠ | ٦:٠٠ | | | | |
| | ٦:٠٠ | ٧:٠٠ | | | | |
| | ٧:٠٠ | ٨:٠٠ | | | | |
| | ٨:٠٠ | ٩:٠٠ | | | | |


ئەم فۆڕمە ڕۆژانە لەلایە مامۆستا و ڕاهێنەرەوە پڕدەکرێتەوە.
ڕاهێنەر دەبێت لەکاتی ڕاهێناندا ئەم فۆرمەی پێبێت، هۆبەی چاودێری لەکاتی کۆنترۆڵ چاودێری دەکات
لەپاش هەموو مانگێک ئەم فۆڕمە لە نوسینگە ئەرشیف دەکرێت.

پاشکۆی ژمارە (١٢)




کامێرای تۆمارکردن بە هەردوو ئاڕاستەی ناوەوە و دەرەوەی ئۆتۆمبێل لەگەڵ تۆمارکردنی دەنگ

پاشکۆی ژمارە (١٣)




پاشکۆی ژمارە (١٤)



هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی(        )**
**بەشی مۆڵەت/ هۆبەی چاودێری**
**پێناسی کارمەندی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری**

ژمارەی کارت : (..................)
ناو : ..................................
شوێنی کارکردن : ..................................
ڕەگەزنامە : ..................................
ژمارە مۆبایل : ..................................
ڕێکەوتی دەرچوون : ..../..../٢٠

واژۆی ئەفسەری هۆبە



پێناسی کارمەندی نوسینگە

**«تێبینی»**

١ : ئەم پێناسە تەنها بۆ ناساندنی کارمەندی نوسینگەی فێرکردنی شوفێریە، کە هەڵدەستێت بە ڕاپەڕاندنی کاروباری کارگێری و خزمەتگوزارییەکانی ناو بارەگای نوسینگە.
٢ : ئەم کارتی پێناسە «دەبێت» لە کاتی کارکردن لە نوسینگە و ناو بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆ هەڵبواسرێت.
٣ : هەڵگری ئەم ناسنامەیە بۆی نییە وەک مامۆستا و ڕاهێنەر کاری فێرکردن ئەنجام بدات.

بەڕێوبەرایەتیی هاتوچۆی (        )

پاشکۆی ژمارە (١٥)

L فێرکردن

جۆری:

هەرێمی کوردستانی عێراق
وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوەبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
**بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای**
**بەشی مۆڵەت**
**پێناسی فێرخواز**



**زنجیرە :** (..................)

**ناو :** ..................................................

**ناونیشان :** ..................................................

**ڕەگەزنامە :** ..................................................

**ژمارە مۆبایل :** ..................................................

**ڕۆژی دەرچوون :** ......../......../ ٢٠

**نوسینگە :** ..................................

واژۆی ئەفسەری مۆڵەت

L فێرکردن



**«تێبینی»**

**١ ئەم شوفێرە بە مەبەستی دەرهێنانی مۆڵەتی شوفێری لە خولی فێربوندایە.**
**٢ ئەم کارتە (باج) «تەنها» لە کاتی مەشق پێکردن بەکاردێت.**
**٣ ئەم کارتە «تەنها» لە ژێر سەرپەرشتی ڕاهێنەری ڕێگە پێدراو بەکاردێت.**
**٤ لە کاتی تاقیکردنەوەی پراکتیکیدا، ئەم کارتە لەژێر سەرپەرشتی ئەفسەری هاتوچۆ بە کاردێت.**

**بەڕێوەبەرایەتی هاتوچۆی پارێزگای**

پاشکۆی ژمارە (١٦)



وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
بەڕێوبەرایەتیی هاتوچۆی
بەشی مۆڵەت / هۆبەی بەدواداچوون

## فۆرمی هەڵسەنگاندن لە لایەن ئەفسەری چاودێری

ڕێکەوت : / /
کات: :

- ناوی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری: ..............................................
- ناوی مامۆستای وانەبێژ: ..............................................................
- جۆری مۆڵەت:
- ژمارەی ئامادەبووان:

| ژ | بابەت | باش | مامناوەند | خراپ |
|---|---|---|---|---|
| ١ | دەنگ | | | |
| ٢ | گەیاندنی پەیام بە دروستی | | | |
| ٣ | دابەشکردنی چاو بەسەر بەشداربوواندا | | | |
| ٤ | جوڵە و زمانی جەستە | | | |
| ٥ | جل و بەرگ | | | |
| ٦ | بەکارهێنانی بۆرد | | | |
| ٧ | ڕوونی لە قسەکردن | | | |
| ٨ | دەست و خەت بۆ نووسین و وێنە | | | |
| ٩ | پەیڕەوکردنی میکانیزمی ڕابەری مامۆستا | | | |
| ١٠ | ناسنامەی ڕاهێنەر و ڕێکەوتی بەشداریکردنی پەرەپێدان | | | |

- ناو و واژۆی ئەفسەری چاودێری

پاشکۆی ژمارە (١٧)



وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی
بەشی مۆڵەت / هۆبەی بەدواداچوون

## فۆرمی پێدانی ڕێنمایی لە سەرەتایی دەستپێکی خولی تیۆری لە لایەن ئەفسەری چاودێری

ڕێکەوت : / /
کات: :

- ناوی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری: ..............................................
- ناوی مامۆستای وانەبێژ: ..............................................................
- جۆری مۆڵەت:
- ژمارەی ئامادەبووان:

لە لایە ئەفسەی هۆبەی چاودێری بۆ فێرخوازانی بەشدار بوو تەنها ئەم مادده و خاڵانە دەخوێنرێتەوە.

١- ماددەی ١١ تەنها ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی بە جۆری مۆڵەتی بەشداربوانەوە هەیە.
٢- ماددەی ١٢ تەنها ئەو خاڵانەی کە پەیوەندی بە جۆری مۆڵەتی بەشداربوانەوە هەیە.
٣- ماددەی ١٣ پابەندییەکانی مامۆستا و ڕاهێنەر و بەڕێوەبەر و فێرخواز.
٤- ماددەی ١٥ بنەما گشتییەکان خاڵی (٢-٣-٥-٦-٧-٨ ).

- ناو و واژۆی ئەفسەری چاودێری

پاشکۆی ژمارە (١٨)



وەزارەتی ناوخۆ
بەڕێوبەرایەتی گشتیی هاتوچۆی هەرێم
بەڕێوبەرایەتی هاتوچۆی
بەشی مۆڵەت / هۆبەی بەدواداچوون

## فۆرمی بەدواداچوون بۆ ڕاهێنەر و فێرخواز و ئۆتۆمبێل لە لایەن ئەفسەری چاودێری

ڕێکەوت : / /

کات: :

- ئۆتۆمبێلی نوسینگەی فێرکردنی شوفێری: ..........................................
- ناوی ڕاهێنەر: ..........................................
- ناوی فێرخواز: ..........................................
- جۆری ئۆتۆمبێل:
- ژمارەی ئۆتۆمبێل:

| ژ | بابەت | تێبینی |
|---|---|---|
| ١ | ناسنامەی ڕاهێنەر و ڕێکەوتی بەشداریکردنی پەرەپێدان | |
| ٢ | کارتی فێرخواز | |
| ٣ | ساڵیانەی ئۆتۆمبێل | |
| ٤ | پسکنینی مەرجی توندوتۆڵی | |
| ٥ | تابلۆ و لۆگۆی نوسینگە | |
| ٦ | ئاوێنەکان | |
| ٧ | فۆرمی فێرخواز | |
| ٨ | فۆرمی وانەکانی ڕاهێنەر | |
| ٩ | پاک و خاوێنی ئۆتۆمبێل | |
| ١٠ | هێلەکی فێرخواز | |

- ناو و واژۆی ئەفسەری چاودێری

پاشکۆی ژمارە (أ-١٩)

| میکانیزمی دابەشکردنی نمرەکانی خولی پێگەیاندنی مامۆستا و ڕاهێنەر | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | جۆری تاقیکردنەوە | ڕێژەی نمرە | ئەنجام |
| ١ | تاقیکردنەوەی تیۆری | ٤٠ | |
| ٢ | تاقیکردنەوەی وانە وتنەوە | ٣٠ | |
| ٣ | تاقیکردنەوەی پراکتیکی ئۆتۆمبێل لێخوڕین | ١٥ | |
| ٤ | تاقیکردنەوەی وەک ڕاهێنەر بە فێرخواز | ١٥ | |
| | کۆی گشتی نمرەکان نابێت لە ٨٠٪ هەشتا لە سەد کەمتربێت. | | |

پاشکۆی ژمارە (ب-١٩)

| میکانیزمی دابەشکردنی نمرەکانی خولی پێگەیاندنی ڕاهێنەر | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | جۆری تاقیکردنەوە | ڕێژەی نمرە | ئەنجام |
| ١ | تاقیکردنەوەی تیۆری | ٤٠ | |
| ٢ | تاقیکردنەوەی پراکتیکی ئۆتۆمبێل لێخوڕین | ٣٠ | |
| ٣ | تاقیکردنەوەی وەک ڕاهێنەر بە فێرخواز | ٣٠ | |
| | کۆی گشتی نمرەکان نابێت لە ٨٠٪ هەشتا لە سەد کەمتربێت. | | |

پاشکۆی ژمارە (ج-١٩)

| میکانیزمی دابەشکردنی نمرەکانی خولی پێگەیاندنی مامۆستا | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | جۆری تاقیکردنەوە | ڕێژەی نمرە | ئەنجام |
| ١ | تاقیکردنەوەی تیۆری | ٥٠ | |
| ٢ | تاقیکردنەوەی وانە وتنەوە | ٥٠ | |
| | کۆی گشتی نمرەکان نابێت لە ٨٠٪ هەشتا لە سەد کەمتربێت. | | |

پاشکۆی ژمارە (د-١٩)

| میکانیزمی دابەشکردنی نمرەکانی خولی گۆڕینی مامۆستا بۆ مامۆستا و ڕاهێنەر | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | جۆری تاقیکردنەوە | ڕێژەی نمرە | ئەنجام |
| ١ | تاقیکردنەوەی تیۆری | ٤٠ | |
| ٢ | تاقیکردنەوەی پراکتیکی ئۆتۆمبێل لێخوڕین | ٣٠ | |
| ٣ | تاقیکردنەوەی وەک ڕاهێنەر بە فێرخواز | ٣٠ | |
| | کۆی گشتی نمرەکان نابێت لە ٨٠٪ هەشتا لە سەد کەمتربێت. | | |

پاشکۆی ژمارە (هـ-١٩)

| میکانیزمی دابەشکردنی نمرەکانی خولی گۆڕینی ڕاهێنەر بۆ مامۆستا و ڕاهێنەر | | | |
|---|---|---|---|
| ژ | جۆری تاقیکردنەوە | ڕێژەی نمرە | ئەنجام |
| ١ | تاقیکردنەوەی وانە وتنەوە | ٤٠ | |
| ٢ | تاقیکردنەوەی پراکتیکی ئۆتۆمبێل لێخوڕین | ٦٠ | |
| | کۆی گشتی نمرەکان نابێت لە ٨٠٪ هەشتا لە سەد کەمتربێت. | | |

**وەزارەتی ناخۆ**

**ژمارە: ٢٨٣١٠ لە ٢٠٢٤/٩/٢٩**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠٠٩ و رێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێنیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٣٠٦) لە ٢٠٢٤/٨/٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :

**بەیانی ژمارە (١٤)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (اشکفتیان نوی)**

**یەکەم**: فراوان کردنی حەرەمی گوندی (اشکفتیان نوی) سەر بە ناحیەی باعەدرێ /قەزای شیخان بەرووبەری (٢ دۆنم) لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١) لە کەرتی (٢١/ اشکفتیان) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆکدا هاتووە بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت.

**دووەم**: ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**رێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**

**وەزارتی ناوخۆ**

**ژمارە: ٢٨٩٧٢ لە ٢٠٢٤/١٠/٢**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی٢٠٠٩ و ڕێنمایمان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ی هەموارکراو تایبەت بە فراوانکردنی گوندەکان و گواستنەوەی شوێینیان و ئاماژە بە نووسراوی پارێزگای دهۆک ژمارە (٤٢٩٦) لە ٢٠٢٤/٨/٤ و لەبەر بەرژەوەندی گشتی بریارماندا بە :

**بەیانی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**فراوانکردنی حەرەمی گوندی (سەروکانی )**

**یەکەم:** فراوانکردنی حەرەمی گوندی (سەروکانی) و چەسپاندنی لەسەر نەخشەی گادستڕۆ لە سنوری قەزای شێخان لە پارێزگای دهۆک بە رووبەری (٨/١١/٢٥ دۆنم ) هەشت دۆنم و یازدە ئۆلک و بیست و پێنج مەتر لەسەر پارچە زەوی ژمارە (١٠) کەرتی (٤٢/ عین سفنی الشرقية ) بە مەبەستی زیادکردنی بۆ سەر حەرمی گوندی (سەروکانی) وەک لە نەخشەی هاوپێچی نووسراوی پارێزگای دهۆک هاتووە ، بەپێی یاسا کاری کوژانەوە و دەست هەڵگرتن بکرێت .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوبوونەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت .

**ڕێبەر ئەحمەد**

**وەزیری ناوخۆ**

---

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٦) بڕگەی (٢) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧ ، بڕیارماندابە:

**بەیانی ژمارە (٢٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

- کردنەوەی بەرێوەبەرایەتی (بانکی خوێن ) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی .
- ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە ٢٠٢٤/٩/٢٦.

**د. سامان حسین بەرزنجی**

**وەزیری تەندروستی**

**دەستەی پاراستن و چاککردنی ژینگە**
**ژمارە ١٧٨٧ لە ٢٠٢٤/١٠/١٦**

**بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤**

پاڵپشت بەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە ماددەی (٨) لە یاسای بڵاوکردنەوە لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) ژمارە (٤)ی ساڵی ١٩٩٩ ، لەبەر بوونی هەڵەی چاپ لە خاڵی (١)ی خشتەی (٩) هاوپێچی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ی تایبەت بە (بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان ) بڕیارماندا بەدەرکردنی بەیانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٤ بە مەبەستی ڕاستکردنەوەی هەڵەی هاتوو بەم شێوەیەی خوارەوە:

**یەکەم:** پاڵپشت بە ماددەی (٦): خشتەی (٩)ی هاوپێچی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ی (بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان) کە لە ژێر ناونیشانی (سزادانی پاڵاوگەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی) لە خاڵی (١)دا بە هەڵەی چاپ هاتووە ، سزای نەبوونی مۆڵەت (١) یەک ملیۆن دینار) ئەم بڕە ڕاست دەکرێتەوە ، دەبێتە بڕی (١٠ ملیۆن دینار) .

**دووەم:** ئەم بەیانە لە رۆژی دوای بڵاوکردنەوەی رێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ (بەدواداچوون و بەرزەفتکردنی سەرپێچییە ژینگەییەکان) لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) کاری پێدەکرێت.

**خشتەی نۆیەم**

**سزادانی پاڵاوگەکان لە کاتی هەبوونی سەرپێچی ژینگەیی بەم شێوەی خوارەوە دەبێت:**

| ژ | سەرپێچی | بڕی سزا بە دیناری عێراقی |
|---|---|---|
| ١ | مۆڵەتی نەبوو. | ١٠ ملیۆن |
| ٢ | سەوزایی نەبوو یان لەبڕی سەوزی نەکرد. | ٦ ملیۆن |
| ٣ | یەکەی چارەسەری نەبوو. | ٨ ملیۆن |
| ٤ | نەبوونی سیستەمی فلتەری پێشکەوتوو. | ١ ملیۆن |
| ٥ | کۆنکریت نەکردنی زەوی پاڵاوگەکە. | ٦ ملیۆن |
| ٦ | مۆلیدەکەی ژاوەژاوی هەبێت. | ٣ ملیۆن |
| ٧ | مۆلیدەکەی دووکەڵ بکات. | ١ ملیۆن |
| ٨ | پیسبوونی دەورووبەری مۆلیدە بە گازوایل و ڕۆن. | ١ ملیۆن |
| ٩ | فڕێدانی پاشماوەی ڕەق (خۆڵ وخاشاك). | ٣ ملیۆن |

**ئەندازیار**
**عبدالرحمن صدیق**
**سەرۆکی دەستە**